بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ...

بەشی پانزەهەم

## ریفۆرم و شۆڕش...ل 9

# بۆپێشەوە

FORWARD


بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالّی شەشەم ژمارە (138) بەرواری 15-2-2023 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت

## وتەی ژمارە

## 17ی شوبات، خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی لەکۆمەڵگەی کوردستاندا!

دوای 20 ساڵ لەپێشێلکردنی ئیرادەی جەماوەری کرێکاران و ئوردوی بێبەشان، لە ١٧ شوباتی ٢٠١١ دا، یەکەمین پریشکی خرۆشان و نارەزایەتی فراوانی بێبەشان چەخماغەییدا، و سەرەتای بەکردەوەی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە لەدژی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی، دەستی پێکرد. ئەم خۆپیشاندان و نارەزایەتییە بە ئیلهام وەرگرتن لە بزووتنەوەی نارەزایەتی و شۆڕشگێڕیەکانی باکوری ئەفریقاوە، دەستی پێکرد. بزوتنەوەیەک کە پرسی شۆرش و گۆڕانکاری لە رێگای شۆرشی لەخوارەوەی جەماوەرەوە هێنایەوە مەیدان و لە سەرەتاکانی خۆیدا، توانی چەندین رژێمی دیکتاتۆرو چنگ بەخوێن و تالانچی رابماڵێت.



لەوچوارچێوەیەدا، نارەزایەتی جەماوەری خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان، لە دژی دزی و تاڵانی، لەبەرامبەر نابەرابەری و بێمافی، لەسەرکوت و ژێر پێخستنی ئیرادەی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، تەقییەوە و بۆ یەکەمین جار بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە ئاستێکی فراوانی کۆمەڵایەتیدا، خۆی نمایش کرد. ئەو نمایشە لە نارەزایەتی جەماوەری تەواوی دەسەڵاتی بۆژوازی کوردی توشی راچەنین کرد و ئەو راستیەی نیشاندا، کە رێگای بەدەستهێنانی داخوازییەکان و پاشەکشەکردن بە دەسەڵاتی تاڵانچی بزوتنەوەی کوردایەتی لەرێگای دەربرینی نارەزایەتی و هێنانە مەیدانی هێزی جەماوەرییەوە مەیسەر دەبێت، نەک لە رێگای هەڵبژاردن و کایەی سواوەکەی پەرلەمان.

هەرچەندە دەستپێکی ئەو خۆپیشاندان و نارەزایەتییە جەماوەرییە، بۆپشتیوانی لە راپەرین و شۆرشەکانی باکوری ئەفریقا" بەهاری عەرەبی"، وە بەدژی دزی و تاڵانی و نابەرابەری ئابوری و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان، بوو، بەڵام لە ناوەرۆکدا، بزوتنەوەیەک بوو بەدژی سەراپای دەسەڵاتی داسەپاوی بۆرژوازی کورد و کارنامە نەنگینی بیست ساڵەی.

لەبەرامبەر بەو بزوتنەوە نارەزایەتییە رەوایەدا، دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی ماهیەتی

بۆ لاپەڕە 2




## لە پێشوازی هەشتی مارسدا

ئەمساڵ لەکاتێکدا پێشوازی لە هەشتی مارس رۆژی نەفرەت لە هەڵاواردنی رەگەزی دەکەین، کە لەلایەکەوە بزوتنەوەی شۆرشگێرانە لە ئیراندا رۆڵی بەرجەستی ژنان نیشاندەدات و هەموو رۆژێک ئەوراستیە بەکردەوە دەخاتەروو کە ژنان بەکردەوە نیوەی کۆمەڵگەن و هیزێکی گەورەی تەواوکەری پیاوان و بزوتنەوەی یەکسانیخوازین و لەریزی پیشەوەی کۆمەڵگەن لەپێناو مافە فەردی و مەدەنیەکان و بۆ راماڵینی دەسەلاتی نەنگینی سەرمایە لە ئیران و کۆتاییهینان بە دەسەڵات

بۆ لاپەڕە 3

## دزی و تالاّنی لەزمانی خۆیانەوە...



دابان محەمەد کە ئەندامی پەرلەمانی کوردستانە، ئاماژە بەدزی و تالاّنی لە زەویەکانی کەلاردا دەکات و دەیخەملێنێت بە بەهای ٣ بۆ ٤ ملیار دۆلار. دەست بەسەرا گرتنی ئەم زەویانە لەلایەن کەسانی دەستڕۆشتوی حزبی و حکومی لە ئاستی بالادا لە ئیدارەی گشتی، حزب، ئیدارەی خۆجێی، سلکی ئەمنی و دەلاّلی بەرپرسان، بەشیوەی نایاسایی بێ مۆڵەت، بەجۆرێکە کە جەنابیان وەکو خۆرەیەکی ئەم دەسەڵاتەو خاوەن موچەیەکی زۆر و مفت لە

بۆ لاپەڕە 3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:

◆ گرانی و هەژاری..........ل4
◆ کاتێك سیاسەت لە ئایین مارە دەکرێت..........ل4
◆ د. مەریوان ئەکرەم چنارەیی وەڵامی پرسی رۆژ دەداتەوە..........ل5
◆ یەکێتی دوو سەرەی کوردایەتی وئیسلامی سیاسی..........ل6
◆ لەپێشوازی هەشتی مارسدا... مافەکانی ژنان لە بەرنامەی کۆمۆنیزمی....ل7
◆ تەوزیفکردنی کرێکار لای شاعیران..........ل8

## دۆسیەی ژمارە "راپەڕینی خەڵکی ئێران و کوردستان و ئاییندەکەی"

### هاوڕێ پێشڕەو محەمەد وەڵامی پرسیارەکانی دۆسیەکەی داوەتەوە...ل 10-11



ل8 کۆشەی ئەدەب و هونەر | ل7 پرسی ژن | ل5 پرسی رۆژ

# درێژەی وتەی ژمارە

ڕۆپۆشکراوی خۆی، بە نواندنی سەرکوت و دلْرەقیەکی کەم وێنەوە نمایش کرد. لەبەرامبەر بە خۆپیشاندانی بێ چەک و جەماوەریدا، دەستی بۆ توندوتیژی و چەک و سەرکوتی بێپەردە برد و لە ماوەیەکی دیاریکراودا، ١٠ کەس گیانیان لەدەستداو نزیک بە دووهەزار کەس بریندار بوون، بەسەدان هاوڵاتی و هەڵسوراوی جەماوەری راوەدونران و خرانە زیندانەکانەوە، ڕفینراون و چاویان لێ سورکرایەوە، بەدەیان کەناڵ و میدیا و رۆژنامەو و بەسەدان رۆژنامەنووس کەوتە بەر شەقی دیموکراسی!! و پیاوانی دەزگا ئەمنی و جاسوسیەکان، بەشێکی زۆری شارەکان میلیتاریزە کران و ترس و تۆقاندن کەشی کۆمەڵگەی قانگ دا.

بە جیا لە بەدەستەوەگرتنی حەربەی سەرکوت و ترساندن، دەسەڵات ناچار بوو لە ژێر گوشاری خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانی ١٧ شوباتدا، سەری تەسلیم لەبەرامبەر بە ئیرادەی وەگەرکەوتووی جەماوەریدا، دابنەوینێت. وادە و بەڵێنی لێپرسینەوە لە تۆمەتبارانی ١٧ شوبات و ئەوانەی تەقەیەیان لە هاوڵاتیان کردووە، دا، بەڵێنی ئازادکردنی زیندانییە سیاسیەکان، بەڵێنی چاکسازی و وەستانەوە بەدژی گەندەڵی، دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و ئاوڕدانەوە لە ویستەکانی خەڵکی کوردستانی، راگەیاند. وەعدی باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان، تا دەگاتە ناچاربوون بە دانیشتن لەگەڵ هەڵسوراوان و دەستەی سەرپەرشتی خۆپیشاندانەکان...تاد، دا.

لەگەڵ ئەوەدا کە خۆپیشاندان و نارەزایەتییە جەماوەریەکەی ١٧ شوبات و لە زۆنی سەوزدا، چەخماخەی دا، بەڵام ریشەی لە نارەزایەتی و تورەیی سەراسەری خەڵکی کوردستاندا بوو... دەسەڵاتی زۆنی زەرد بە داسەپاندنی دیکتاتۆریەتێکی ئاشکرا رێگەی لەوە گرت، کە خەڵکی کرێکارو ستەم لێچوو بێنەسەر شەقامەکان.

خۆپیشاندانەکانی دواتری زوربەی زۆری شارو شارۆچکەکانی کوردستان، تا دەگات خۆپیشاندانەکانی هەولێر و ژێر دەسەڵاتی پارتی، هەر درێژەکراوەی خۆپیشاندانەکانی ١٧ و رۆژانی دواترە. تەنانەت بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنەکاندا و بایکۆتی هەڵبژاردنەکان، لە درێژەی هەمان دۆخ و سەرکوت و بێمافی و هەم لەبەردەم بزوتنەوەی ڕامالْینی جەماوەریدان. کارنامەی ئەو ئۆپۆزیسۆنە لە بەشداریکردنی لەدەسەڵاتی دزی و تالْانچی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە، تا دەرکەوتنی ماهیەتی ریاکارانەیان و سات و سەودایان بە خوێنی بە ناحەق ڕژراوی قوربانیانی ١٧



بەرەوپێشەوە چوونی ئاستی نارەزایەتی جەماوەریدا دەچیتە پێشەوە، کە پرشک و چەخماغەکەی ریشەی لە ١٧ شوباتدایە. بۆیە بەهەموو پێوانەیەک ١٧ شوبات خالْی وەرچەرخانێکی گرنگ، لە پەیوەندی نێوان دەسەڵات و جەماوەری ناڕازی خەلکی کوردستاندایە...

ئێستا کە ڕۆژ بەرۆژ قلْشتی نێوان دەسەڵات و جەماوەری بێبەش، کەلێنی نێوان دەسەڵاتی سەرمایەو چینی کرێکار و بەرهەم هێنەرانی کۆمەڵگە فراونتر دەبێتەوە. لەو نێوەدا بەجیا لە دەسەڵات کە کەوتۆتە بەردەم شەپۆلی نارەزایەتی جەماوەری، هاوکات ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کوردیش بە قەومی و ئیسلامیەکەیەوە، کەوتۆتە بەردەم تورەیی و نەفرەتی جەماوەری. خۆشباوەری بە بزوتنەوەی گۆران و ئیسلامیەکان، نەک هەر زوو ڕەویەوە، بەڵکو ئەوانیش هەم لە کێکی دەسەڵاتیان خوارد و بوونە بەش لە حکومەتی چەت و شوبات و پاشان بەڵێنی" چوار سالْی ئارام" و هەوڵدان بۆ راگرتنی جوڵەی شەقام و مامەمەڵەیان لەگەڵ پاشەکەوتی موچە، لەگەڵ خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانی مامۆستایان و کارمەندان، بێدەنگەکردنیان لە روداوی کارەساتی شەنگال و پاشان ١٦ ئۆکتۆبەر و خستنەگەری هەموو هەوڵکیان بۆ بەشداری لە کابینەی نۆهەمدا، نوزەیەکی دژ بەدەسەڵاتی تیا نەهێشتونەتەوە و ئەوەی ماویانە، بەستنەوەی چارەنووسیانە بە دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی بەتایبەتیش کرنوش بردن بۆ دەسەڵاتی بنەماڵەکان.

لە ئێستادا، کە ١٢ سالْ بەسەر خرۆشانی ١٧ شوباتدا دەگوزەرێت... خەڵکی کوردستان لەگەڵ تەواوی حزب و لایەنەکانی ناو خانەوادەی بۆرژوازی کورد بە"دەسەڵات و بە ئۆپۆزیسۆنەوە" رووبەرووە... هەروەها تورەیی ونارەزایەتی جەماوەری لە دەسەڵات و ئۆپۆزیسۆن پێی ناوەتە ئاستێکی باڵاترەوە... ئۆپۆزیسۆن لەگەڵ بکوژانی خۆپێشاندەراندا، بەشداری دەسەڵاتە تالْانچی و سەرکوتگەرەن کە خەڵک لە دژیان ڕاپەری... وە خوێنی قوربانیانی ١٧ شوبات و رۆژانی دواتریان کردە، پەیژەی هەڵزنین بە دەسەڵاتدا. هەروەها هەموو ئەو بەڵین و وادانەی دەسەڵات لە ژێر گوشاری ١٧ شوباتدا دابوویان، بە لێپرسینەوە لە تۆمەتباران و بکوژی خۆپیشاندەران و تا دەگاتە بەڵێنی چاکسازی و باشکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان، درۆ دەرچوون و بەخشینەوەی ئەو بەڵین و وەعدانە هەر بۆ دامرکاندنەوەی تورەیی و نەفرەتی جەماوەری بووە.

ئێستا دوای ١٢ سالْ بەسەر ١٧ شوباتدا، هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان خراپتر لە سالْانی رابردووە، سەرکوتگەری زیاترە، دزی و تالْانی بەشوێنێک گەیشتووە، بەپرسەکان لە زمانی خۆیانەوە دان بە دزییەکاندا دەنێن... مەلەفەکانی دزی دەخەنە ڕوو، تاوان زۆرترە، بێمافی فرەترە، خزمەتگوزارییەکان خەریکە ئاسەوارییان نامێنێ، قلْشتی چینایەتی بەرینترە، ئایندەی سیاسی کوردستانیان نادیارە... ناوەرۆکی ئۆپۆزیسۆن بەتەواوەتی ئاشکرا بووە، تورەیی جەماوەری گشتی ترە، هۆشیاری چینایەتی چۆتە سەرەوە، درۆی چاکسازی، بەتەواوەتی دەرکەوتووە، ١٧ شوباتیکی تر، بە ئاستیکی فراونتر، یەکگرتوانەتر، رێکخراوتر، بە ئاسۆیەکی سۆشیالیستی رۆشنەوە، بۆتە پێداویستیەک بۆ کۆتاییهێنانی یەکجاری بەدەسەڵاتی سەرمایەو بزوتنەوەی کوردایەتی...

بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی ئیرانیش کە چەند مانگێکە وەڕیکەوتووە، دەتوانێت ببێتە هاندەر و ئیلهام بەخشی نارەزایەتی و راپەرینی داهاتووی خەڵکی کوردستان و سەرچاوەیەکی بێکۆتا لە ئەزموونی خەباتکارانەیان...

**ناوەراستی شوباتی ٢٠٢٣**

**ئێستا دوای ١٢ سالْ بەسەر ١٧ شوباتدا، هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان خراپتر لە سالْانی رابردووە، سەرکوتگەری زیاترە، دزی و تالْانی بەشوێنێك گەیشتووە، بەپرسەکان لە زمانی خۆیانەوە دان بە دزییەکاندا دەنێن... مەلەفەکانی دزی دەخەنە ڕوو، تاوان زۆرترە، بێمافی فرەترە، خزمەتگوزارییەکان خەریکە ئاسەوارییان نامێنێ، قلْشتی چینایەتی بەرینترە، ئایندەی سیاسی کوردستانیان نادیارە... ناوەرۆکی ئۆپۆزیسۆن بەتەواوەتی ئاشکرا بووە، تورەیی جەماوەری گشتی ترە، هۆشیاری چینایەتی چۆتە سەرەوە، درۆی چاکسازی، بەتەواوەتی دەرکەوتووە، ١٧ شوباتیکی تر، بە ئاستیکی فراونتر، یەکگرتوانەتر، رێکخراوتر، بە ئاسۆیەکی سۆشیالیستی رۆشنەوە، بۆتە پێداویستیەك بۆ کۆتاییهێنانی یەکجاری بەدەسەڵاتی سەرمایەو بزوتنەوەی کوردایەتی...**

# درێژەی...لە پێشوازی هەشتی مارسدا

و رەوت گەلی کۆنەپەستی ئیسلامی کە پایەکی سەرەکی وەستانەوەیانە بەدژی ژنان و مافەکانیان. لەلایەکی ترەوە لەگەڵ هات و هاواری و قیرەی رۆژانەی مەلاکان بەرەورووین کە بەدژی ژنان و مافەکانیان و هەموو دیاردە و سیمایەکی مەدەنی کۆمەڵگە دەستیان داوەتێ و دەسەلاتی سیاسیش، ژینگەو زەمینەی بۆسازکردن و هاوکاریان دەکات. هەر چەند رۆژ پێش ئێستا هەراسانی باسی جیندر بوون و دەسەلاتی زۆنی سەوزیش بریاری چالاکی جیندەری لە فەرمانگەکاندا یاساغ کرد و سەرۆکی یەکێتیش لە ستایشی مەلامەزهەرەکاندا وەستا و باوەشی پڕ موحیەبەت بە عەبدول لەتیفدا کرد و شیخ نەهرۆی زیارەت کرد و بەوەش نیشانیدا، کەچەندە دژە ژن و دژە پیشکەوتنخوازی و مافە فەردی و مەدەنیەکانە... یەکگرتووی ئیسلامی و ئیسلامیەکان بەردەوامن لەمەراسیم سازدان بۆ باڵاپۆشی و تاجی زێر!! ین لەسەرنانی ژنان و بەشێوەی ئیخوانی و فۆرمی ئەردۆغانی نمایش دەکەن. رۆژانەش لە میدیاو ماس میدیاکان و سۆشیال میدیا و لەمینبەری مزگەوتەکانەوە گوێ بیستی غەزەبی مەلاکان بۆسەر مافەکانی ژنان و بەتایبەتیش مافە فەردی و مەدەنیەکانیان دەبین ئەمانە تائێرە تەنها گۆشەیەکە لە هێرشی بەردەوامی کۆنەپەرستی ئیسلامی و مەلاکان و رەوتە ئیسلامیەکان بۆسەر ژنان بەتایبەتی و هەموو سیماو دیاردەیەکی مەدەنی کۆمەڵگە بەگشتی.




لایەنێکی تر ئەوەیە کە رۆژ نییە هەواڵی توندوتیژی بەژنان، لەسوکایەتی و لێدانەوە تا ناچارکردنی ژنان بۆدەستبردن بۆخۆکوژی و خۆسوتاندن، یان هەواڵی تیرۆرکردنیان نەبیسترێت. بەهۆی خراپی باری ئابوری و گوشارەکانی، تادێت پشێوی نێوان خێزانەکان پەرە دەسەنێت و رادەی جیابوونەوە بەرەو هەڵکشان دەچێت. بەهەمان هۆکاری نەبوونی و گرانی، باندەکانی لەشفرۆشی زیاد دەکەن.

دەسەڵاتی سیاسی و حکومەت و پەرلەمانەکەی کە پشتبەستوون بەسەرچاوەکانی شەرع و قورعان، ریگەیان داوە دەیان یاسای زاخاوکراو بە ئیسلام بسەپینن و لەناو پەرلەمانەوە مۆر بدەن لە فرەژنی و بەیاسایی بکەن.

بەڵێ لە کاتێکدا بەرەو هەشتی مارس هەنگاو دەنێین. کە مەلاکان و رەوتە ئیسلامیەکان، بە پالپشتی حزبەکانی دەسەڵات و حزبە ئۆپۆزیسیۆنە دەستگرتوەکان بە کۆنەپەرستی ئیسلامیەوە، لەهێرش بۆسەر ژنان و ئازادیخوازی بەردەوامن و رۆژانەش شاشەی تەلەفزیۆنەکانیان و بەرنامەو تەوەرەکانیان مەلایەک و کۆنەپەرستێکی ئیسلامی بانگهێشت دەکەن و مینبەریان دەخەنە بەردەست بەکورتییەکەی دەسەڵات و ئۆپۆزیسۆنی بۆرژوازی بە قەومی و ئیسلامیەکەیەوە، لەهێرش بۆسەر ژنان و مافەکانیان و هەر سیمایەکی ئازادیخوازانە بەردەوامن، بەڵام ئەمانە هەموو واقعیەتی کۆمەڵگەی کوردستان بەیان ناکەن، بەڵکو تەنها لایەنێکی پێش چاو دەخەن لایەنێکی قێزەون و ناشیرین. لایەنێکی تر لە واقعیەتی سیاسی کۆمەڵایەتی کوردستاندا، وەستانەوەی ئۆردوی ئازادیخوازی و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانە، بەرووی هیرشی دەسەڵات و ئیسلامیەکان و مەلاکان و میدیای تاسەر مۆخ کۆنەپەرست و یاساو فتوا ئیسلامیەکان و وەستانەوەیە بەرووی بۆگەناوی ئەو مەلایانەی عادەتیان بە سوکایەتی و جنیوفرۆشیەوە گرتووە. چەندە دزێوی دەسەڵات و ئیسلامیەکان ومەلاکان و دیوی و قێزەونی و فەرهەنگێکی کۆنەپەرستانەی لەکۆمەڵگەدا دەخاتە روو، ئاواش وەستانەوەی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و ئۆردوی ئازادیخوازی بۆ بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی ژنان و سیماو روخسارێکی هەرە جوانی ناو کۆمەڵگەی کوردستانە وە لەبنەرەتیشدا ململانیی نیوان دوو بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی جیاوازو دژ بەیەکە. بزوتنەوەی چەپ و سکۆلاریزم و ئازادیخوازی لەلایەک و بزوتنەوەی کۆنەپەرستی ئیسلامی بەپشتیوانی دەسەڵات لەلایەکی ترەوە.

ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و هەموو ئەو رێکخراو و کۆرو کۆمەڵە ئازادیخوازانەی کە خوازیاری یەکسانی نیوان ژن و پیاو مافە فەردی و مەدەنیەکانی ژنان و کۆمەڵگەن، ئەرکیانە هەشتی مارس بەشایستەیەکی گەورەوە بەرز رابگرن و شەپۆلی وەستانەوە بەرووی کۆنەپەرستیدا بەرینتر و فراوانتر بکەنەوە. گوشارەکانیان لە رێگای کاری رێکخراو و جەماوەری و مەیدانی و بەکردەوەوە، بۆسەر دەسەڵات زیاد بکەن و ناچار بە پاشەکشە و مل دان بە مافەکانی ژنانیان بکەن و هاوکاتیش دەستی ئیسلامیەکان و کۆنەپەرستی لەسەر کۆمەڵگە کورت بکەنەوە. کاتی ئەوە هاتووە ژنان و پیاوانی چەپ و کۆمۆنیست و ئازادیخواز هەر کەسێکی پیشکەوتنخواز کە باوەری بە یەکسانی بێ ئەم لاوی ژنان و پیاوانە، ریکخراوەیەکی جەماوەری سەربەخۆ بۆبەرگری لە ژنان و مافەکانیان، دەست بۆببەن و هاوکات میدیایەکی کارای تیژ و بەرگریکار لە مافەکانی ژنان بەدەستەوە بگرن و کە هەمیشە ئامادەی وەڵامدانەوەی سوکایەتی و بێرێزی مەلاو بانگخوازان، وەزارەتی ئەوقاف و لیژنەی فتوا و یاساو ریسا دژە ژنەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنە پوچە دژە ژنەکان و میدیا سەراپا کۆنەپەرستەکانیان بداتەوەو کۆمەڵگە لە مەترسی کۆرۆنای ئیسلامی و داعشی بپارێزن.

خواستی دادگاییکردنی سزادانی فتواچیان و ئەو مەلایانەی سوکایەتی و ئیهانە بەژنان و مافەکانیان دەکەن تا دەگاتە خواستی جیاکردنەوەی دین لە دەسەڵات، ئازادی دینداری و بی دینی، یەکسانی یاسایی ژنان و پیاوان، سەرەکیترین ئەو خواستانەن کەپێویستە بەسەر دەسەڵاتدا بسەپێنرێن. هەلومەرجی شۆرشگێرانە لە ئیران بە سودی ئازادیخوازی و بزوتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنانەو کۆمەکێکی زۆر بە کاری ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز و ئامانجەکانیان دەکات... با لە ئیستاوە بۆ ریزگرتن لە هەشتی مارس خۆمان ئامادە بکەین و بەچالاکی جۆراو جۆرو شایستە، ریز لە هەشتی مارس بگرین.

# درێژەی... دزی و تاڵانی لە زمانی خۆیانەوە...

قوتی خەڵکی کوردستان، لە کۆتایی ئاماژەکردن بەو دزیەدا دەڵێت یەکیتی نیشتیمانی کوردستان، ئیستا یەکێتی زەوی فرۆشانی کوردستانە. وە هەرەشەیەکی قارەمانانە دەکات و دەڵێت زەوی و کۆمپاناو هاوپشک و شەریەکەنیان و بەهاو مەترسیەکانی پرۆژەکان بلاودەکەومەوە.

دزی و تاڵانی لە هەریمی کوردستاندا بە جێگایەک گەیشتووە، کە هیچ جیگاو هیچ بوار و زەمینەک نەماوەتەوە بەشێوەی سیستماتیک دەستی بەرپرسانی حزبی و حکومی و بنەماڵەی پێ نەگەیشتبێت. رادەی ئەم دزی و تاڵانیە بەجێگایەک گەیشتووە، کە دزەکانیش ناچارن باسی بکەن و ئامارەکانی رابگەیەنن. بەرپرسی دز لە سلکێکی تایبەتی باسی دزی سلکێکی تر دەکات. حزبی دز بەرنامەی تەلەفزیۆنی لەسەر دزی دەکات. میدیا گەندەڵ باسی گەندەڵی دەکات. سەرمایەداری هەڵتۆقیو لە گەندەڵستاندا، نیگەرانی لە گەندەڵی دەردەبڕیت... ئەوەی فەرهود دەکات هاواری لەدەست فەرهودچیەکانی تر لێ بەرزبۆتەوە... نووسەر و رۆژنامەنووسی دەربار و گەندەڵ رومالی دزی و گەندەڵی دەکەن، دەسەڵاتی تاڵانچی و گەندەڵ بانگەشەی چاکسازی دەکات...

بەدەرە لەوەی دزە هەمەرەنگەکان رای دەگەیەنن و رومالْ و بەرنامەی بۆ سازدەکەن، جەماوەری کوردستان و هەموو کەسێکی هوشیار دەزانێت... ئەم دەسەڵات و سیستەمە لەسەر دزی و تاڵانی بیناکراوە و چاکسازیش هەڵناگرێت... ئەم دەسەڵاتە دەست بۆ چاکسازی سەرەکی ببات، یان لێپرسینەوەی واقعی لە دزو گەندەڵەکان بکات، دەروخێت و دەبێ بریای چوونە زیندان بۆ هەموو بەرپرسە حزبی و حکومیەکان و بنەماڵە دەستڕۆشتووە حزبیەکان بکات.

تەنها یەک رێگا لەبەرامبەر خەڵکی کوردستاندایە بۆ کۆتایی هێنان بەدزی گەندەڵی و گێرانەوەی سامان و داهاتی دزراویان، ئەویش کۆتایی هێنانە بە دەسەڵاتی ئەم حزبانەی بزوتنەوەی کوردایەتی و دامەزراندنی دەسەڵاتی پشت بەستوی جەماوەری کە خەڵکی کوردستان لە خوارەوە و لە هەڵبژاردنی راستەوخۆدا، متمانەی پیدەدات.

دابان محەمەد و هاوپیشەکان لە پەرلەمان و لە میدیا و حزبەکاندا، بە راگەیاندنی ئەم گۆشەیە لەدزی و تالانی ناتوانن شانی خۆیان لەو دزییە بەیاسایکراوەش بدزنەوە کەخۆیان لەرێگایەوە مانگانە موچەی دەقات و بیست قاتی فەرمانبەرێک یان کرێکارێک وەردەگرن و دەیان ئیمتیازیان هەیەو لەوەش زیاتر دوای خانەنشینی چەند ساڵە وەکو ژیانی خۆیان خێزانەکانیان بە موچەی مفتت زۆرەوە زامن دەکەن...



# گرانی و هەژاری

## نووسینی: بنار مستەفا

هێشتا خەڵکی لە کوردستان لەگەڵ گرانی بازاڕ و بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا و خزمەتگوزاری و پێداویستییە سەرەتاییەکانی ڕۆژانە ڕانەهاتوون، بەڵام جارێکی تر هەڕەشەی مەترسی گرانی لە دەرگای ماڵان دەدات. هەر ئێستا یەکەمین نیشانەکانی ئەم دیاردەیە ئەزموون دەکرێت.

کاریگەرییە نەرێنییەکانی گرانی یەکجار زۆرن. فشاری ئابووری هێندە فراوان دەبێتەوە، بەردەوام خەڵکی لە دۆخێکی قەلەقی و سترێسدا دەبن. دانیشتوان ناچار دەبن لە جاران زیاتر دەستبگرن بەو بڕە پارە کەمەی هەیانە، تا دەرفەتیان بێت پێداویستییە هەرە سەرەتاییەکان بەدەست بهێنن، ناچار دەبن لە زۆر بابەتی تری ڕۆژانە بگرنەوە یان بەردەوام بە بەراوردی "پارەدان بە کام پێداویستییەیان"دا بن. مرۆڤەکان ڕاستەوخۆ دەست بۆ هەرزانترین بەدیل دەبەن و بە ناچاری لەهەر بابتێکی تر خۆیان بپارێزن، گەر ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە زیندوومانەوەیان نەبێت. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان قەتیس دەبنەوە و چوونە دەرەوە و کاتی سەرگەرمی نزیک لە نەبوونیان لێ دێت. لە حاڵەتی نەخوازراوی وەک باری خراپی تەندروستی، قوربانیانی گرانی ناتوانن سەردانی پزیشک و نەخۆشخانە بکەن و دەستیان بە دەرمان و چارەسەر ناگات. ئەمەش بە مانای بڵاوبوونەوەی زیاتری نەخۆشی و لاوازی جەستە و ژیان لەگەڵ باری خراپی تەندروستی دێت. لە زۆر ڕووەوە مرۆڤەکان ناچار دەبن خۆیان لەگەڵ دۆخی نوێدا بگونجێنن، لە زۆر بابەت خۆیان بەدووری بگرن. پەیوەندییەکان و دۆخی ژیان گۆڕانکاری بەرچاویان بەسەردا دێت و پەراوێزکەوتن دەبێتە دیاردەیەکەی نوێ. کۆمەڵێک گرفت و کێشەی ڕۆژانە یەخەی خەڵکی دەگرن، بێ ئەوەی ڕێگەچارەیەکی گونجاو بۆ تێپەڕاندنی شک بەرن.

ئەوانەی کاریان هەیە و مووچە وەردەگرن، گەر مووچەکانیان پێ بدەن، ئەوا لە بازاڕ بە هەمان ئەندازەی ڕابردوو ناتوانن خۆراک و پێداویستییەکانی ژیانیان بکڕن و ناچارانە خۆیان لە هەندێک کاڵا و خزمەتگوزاری بێ بەش دەکەن، کە لە ڕابردوودا بەشێک لە ژیانیان بووە. ئەوانەش کە بێکارن، هەم ڕێژەیان زۆرتر دەبێت، هەم شانسی دەست گەشتنیان بە کار کەمتر و لاوازتر دەبێت. دەستفرۆش و دوکاندارە بچووکەکان و شۆفێری تەکسی و زۆر پیشەوەری تر، داهاتیان بە شێوەیەکی بەرچاو کەم دەکات و ئەوانیش دووچاری هەمان دۆخی زۆرینەی کۆمەڵگە دەبنەوە. واتە گرانی بازاڕ ڕاستەوخۆ بە مانای بە هەژارکردنی زۆرینەی زۆری خەڵکی دێت. کۆمەڵگە لەگەڵ یەک دیاردەی تازە بەرەو ڕوو دەبێتەوە، کە هەژارییەکی فراوانە.

دەسەڵاتداران نەک هەر وەڵامێکیان پێ نابێت بۆ کەمکردنەوەی هەژاری یان بەرگرتن بە هەژاربوونی زیاتر، تەنانەت دەکەونە پاساوهێنانەوەی کۆمەڵێک هۆکار بۆ گەیشتن بە ئامانجێک، کە لە دەرەوەی توانای ئەواندایە و کارێکیان لە دەست نایەت. هەروەها بایەخێکی زیاتر بە ئاین دەدەن و ناڕاستەوخۆ بە قوربانیانی گرانی و هەژاران دەڵێن، ڕووبکەنە خوداپەرستی، تا لەم دۆخە ڕزگارتان بێت یان چاوەڕێی ژیانێکی تر بن. ئومێدتان بەوانە گرێ بدەن.

بەڵام هەموو دانیشتوانانی کۆمەڵگە هەژار نابن. گرانی نەک زیان بە هەندێک ناگەیەنێت، تەنانەت دوور نییە سوودیشی لێ وەرگرن. لە کۆمەڵگەدا کەمایەتییەکی کەم هەیە، کە خاوەنی بەشی زۆری سەروەت و سامانی کۆمەڵگەیە. سامانی ئەوان زیاتر و زیاتر دەبێت. پێگەی بەهێزی ئەوان لە بازاڕدا، دەبنە مایەی پووچەڵکردنی کێبڕکێ بچووکەکانیان و بەم شێوەیە کۆکردنەوەی بەشی بەرچاوی ئەو پارانەی خەڵکی بۆ پێداویستییە سەرەتاییەکانیان بەکاردێنن. ئەوان دەتوانن تەنانەت نرخی کاڵاکانیش دیاری بکەن. دەسەڵات و دامودەزگاکانی لە پشتیان ڕاوەستاون و دڵنیایی دەدەن بەوەی سەروەت و سامانیان پارێزراو بێت و کەڵەکەی سەرمایەیان زیاتر و زیاتر بێت. لە یەک ڕستەدا بە هەژارکردنی کۆمەڵگە دەبێتە داهات و دەوڵەمەندبوونی زیاتری ئەوان.

هەموو ئەمانە لە سایەی سیستەمی سەرمایەداریدا مەیسەرە، کە سنووری نە بۆ هەژارکردنی هەژاران و نە دەوڵەمەندکردنی سەرمایەداران هەیە. لە سایەی ئەم سیستەمەدا ئومێد بە گۆڕانکاریەکی باشتر لە بەرژەوەندی هەژاراندا نییە. بۆیە خەباتی جەماوەری خەڵکی لە بەرانبەر تەواوی ئەم سیستەمە، ئومێد بە گۆڕانکارییەکی تر دەدات.

12.2.2023



# کاتێك سیاسەت لە ئایین مارە دەکرێت...

## نووسینی: دلێر محەمەد نوری

سیاسەت وەکو پارەدارێک و بەرژەوەندی خوازێک، بۆ مانەوەی خۆی پێویستی بە میهرەبانێکی پەروەردەکاری گوێڕایەڵی پارە پەرستی ماڵداری کەری وەکو ئایین هەیە. هەر کاتێک سیاسەت لە باوەڕی ڕاستی مرۆڤانە و ئازادانە و دیموکراسییانەی خۆی لایدا و لە قومارخانەکانی دونیا پێکی نەوتی هەڵقوڕاندەوە و پارە و سەروەتی میللەتی تەخشان و پەخشان کرد و گەندەڵی تاوەکو بیناقاقای هات و خەڵکی هەژار و هەتیو و بێدەرەتان خست، ئیتر کاتی مەرگی دێت و ڕەعیەت جموجۆڵی تێئەکەوێت تا پلەی پەلاماردانی. لێرەوە سیاسەت پێویستی بە هاوکاری ئایینە تا ڕەعیەتی بۆ هێور بکاتەوە و هیوابڕاوی ئەم دونیای بە هیوای دونیای دوایی پێ بگۆڕێتەوە. چاوی پێ بنووقێنێ لە ئاستی سیاسەت و خواروخێچێکانی سیاسەت و نەبوونی و هەژاری. ستەمی سیاسەتی بە غەزەبی خوا لە خودی میللەت خۆی بۆ لە قەڵەم بدات، لە کاتێکدا خۆی قوربانی دەستی سیاسەت و ئایینە. کاتێک سیاسەت سەرکێشی ئەکات و بە ڕێگەیەکی چەوتدا ئەڕوا و ناتوانێ بگەڕێتە بۆ دواوە، بۆ ئەوەی خۆی ڕابگرێ پێویستی بە ئایینی ماڵداری کەر و گوێڕایەڵە. لێرەوە پێویستی هاوسەرگیری بەرژەوەندی خواز دێتە ئاراوە. ئەم هاوسەرگیرییەی سیاسەت و ئایین

**سیاسەت وەکو پارەدارێك و بەرژەوەندی خوازێك، بۆ مانەوەی خۆی پێویستی بە میهرەبانێکی پەروەردەکاری گوێڕایەڵی پارە پەرستی ماڵداری کەری وەکو ئایین هەیە**

هەم تەمەنی ئایین درێژە ئەکاتەوە و هەم گیانی سیاسەت لە فەوتان ئەپارێزێت. تاکە هەڵخەڵەتاوی نێو ئەم پڕۆسەی هاوسەرگیرییەش میللەتە. لەم جۆرە هاوسەرگیرییە هیچ گەشەیەکی مرۆیی و میللی ڕوونادات تاکە شتێک کە ڕوو دەدات دوو لایەنی ناو ئەم پڕۆسەیە کە سیاسەت و ئایینن، خزمەت بە بەرژەوەندی و ئابوری یەکتری ئەکەن. بیانوو و هۆکار بۆ مانەوەی یەکتری ئەهێننەوە. بۆ نموونە بۆ ئەوەی میللەت لە شۆڕش دژی سیاسەتی گەندەڵ و ستەمکار دووربخرێنەوە، ئایین ژیانی دونیایی لای میللەت بێبایەخ و سفر ئەکاتەوە. دەسەڵات بە غەزەبی خودایی لە میللەت ناوزەد ئەکات. داوای لێ ئەکات بگەڕێنەوە لای خودا، بەڵکو بەزەیی پێماندا بێتەوە و خۆی چارەی دەسەڵاتمان بۆ بکات. میللەت مەمنوونی برسێتی و نەداری ئەکات و ناوی ئەنێ سەبری ئیمان. برسێتی و قات و قڕی و کێشەی سیاسی و ئابوری ناو ئەنێت تاقی کردنەوەی خودایی و میللەت سەرگەرمی کێشەی خێزان و ئەخلاق و ئیمان ئەکات. ڕەفاهییەتی ژیان بیری تاکەکان ئەباتەوە و بەهەشتی پڕ حۆری و خۆراک و شەراب ئەکاتە ئامانج. دەسەڵات و سیاسەت ئەکات بە قەدەری ئیلاهی سەپاو و گوێ لێگیراو. ئازادی و هونەر و غەیرە دین ئەکاتە دوژمن و ڕێگری ئیمان. سیاسەت بەمە کێی بوێ لە ڕێگەی هاوسەری ئیمانەوە ڕیسوای ئەکات. میللەتیش ئەکات بە مەڕی گوێڕاڵی بێ وزە و بێ هێزی گۆڕانکاری. بەرانبەر هەموو ئەم چاکانەی ئایین سیاسەتیش لە داهات و ئابوری و دەسەڵات بەشی ئایینیشی لێ دەدات. لە کوێ ئایین پێویستی بە بیانووی مانەوە و گەشەکردن بوو دەسەڵات کۆمەکی پێ دەکات. بۆ نموونە داخستنی باڕ و یانەی شەوانە، ڕێگری لە کۆڕ و سیمیناری زانستی و ڕۆشنگەری، قەدەغەی کتێب و سانسۆری فیلم و داڕشتنی یاسا بە دڵی ئایین و...هتد. سیاسەت لە هەر لێدانێک لە ئازادی تاکەکەسی و دیموکراسی و ئازادی ڕادەربڕینێک، پەنا بۆ بیانووی زۆرینەی ئایینی و بەها کۆمەڵایەتییەکان ئەبات و هەر ئەمەش ئەبێت بە بیانوویەکی باش بۆ مانەوەی ئایین بە پێوە لە مینبەرەکان و مانەوەی قەرەباڵغی لە دەوری وتارەکانی. ماوەتەوە بڵێم هاوسەرگیری سیاسەت و ئایین هاوسەرگیرییەکی نەزۆکە و هیچ بەرهەم و هیچ گەشەیەکی کۆمەڵایەتی و هزری و داهێنانێکی لێ شین نابێت و ئەم هاوسەرگیرییە تەنها دەبێتە مایەی پێکەنینی سیاسەت و ئایین بە خەمۆکی و گوێڕایەڵی بێ هۆشی میللەت. گەر سەیرێکی مێژووی سعودیە و میسر بکەین دەبینین ساڵانێکی زۆر سیاسەت و ئایین دەستییان تێکەڵ کردبوو لەسەر جەستەی میللەت ئەژیان. لە میسردا ئەزهەر بوو بوو بە خاوەنی ئەخلاق و ژیانی میللەت و دەسەڵاتیش بە خاوەنی ئابوری و سیاسەت. لە سعودیاش ژیانی خەڵکی بە دەستی موفتییەکانی سعودیە بوو و نەوت و سیاسەتیش لە دەستی دەسەڵاتدا بوو. ئەوان خەریکە وردە وردە هەموو شتێک ئەگەڕێننەوە دەستی سیاسەت و ئایین ئەخزێننەوە شوێنی خۆی، بەڵام سیاسەتی کوردی تازە بە تازە خەریکە مارەی خۆی لە ئایین ئەبڕێتەوە.

بۆپێشەوە
FORWARD بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

پرسی رۆژ کۆشەیەکە ئاراس رەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە رێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

# پرسی رۆژ

## بەڕێز د. مەریوان ئەکرەم چنارەیی لە زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێجی زانست بەشی جیۆلۆجی و نەوت؛ وەڵامی ئەم پرسی رۆژی داوەتەوە...



پرسی رۆژ: ٦ شوباتی ئەمساڵ کارەساتی سروشتی بوومەلەرزە لە بەشێك لە شارەکانی تورکیا و سوریا ڕوویدا. وەك ڕووداوێکی سروشتی لەشێوەی لافا و زریان...تاد بنەماو لێکدانەوەی زانستی خۆی هەیە. بۆزیاتر ڕۆشنکردنەوەی زانستی ئەم بابەتە و هۆشیارکردنەوەی زیاتری هاوڵاتیان و دوورکەوتنەوەیان لە شیکردنەوە و هۆکارە نازانستی و خەیاڵیەکان، پێمان باشبوو شیکاری هۆکاری بوومەلەرزە لە کەسێکی پسپۆر و شارەزا بکەین. بەڕێز د. مەریوان ئەکرەم چنارەیی زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێجی زانست بەشی جیۆلۆجی و نەوت؛ وەڵامی ئەم پرسەی داینەوە بەمجۆرە:

د. مەریوان ئەکرەم چنارەیی: هۆکارەکانی بوولەرزەی بۆشیکردینەوە. ڕووداوە سروشتیەکانی وەك بومەلەرزە و دارمانی زەویی وبورکان و...هتد، بەدرێژایی مێژووی زەوی هەبووە، هەر لەو ڕۆژەوەی کە زەوی دروستبووە تا ئەمڕۆ و تا زەویش ماوە بەردەوام ئەبن. وەك چۆن تەیارەیەك بە سیستمێکی ڕێکخراو ئیش ئەکات، زەوییش بە بەردەوامی و بە میکانیزمیکی تایبەت دەجولێ بۆ ئەوەی بە زیندوویی بمێنێتەوە و ژیان نەوەستێ. زەوی گرفتەکانی بەڕووداوی سروشتی چارەسەر ئەکات خۆ ئەگەر هەموو ڕووداوە سروشتیەکان نەمێنن وهەڵبگیرێن ئەوکات ئەوە دەبێتە هۆی کۆتایی زەویی..

بومەلەرزەکەی تورکیا و سوریا چۆن ڕووی داو هۆکارەکانی چی بوون؟

ئەمڕۆ٦-٢-٢٠٢٣ بومەلەرزەیەکی بەهێز بە گوڕی نزیکەی 7.8 پلە لە وڵاتی تورکیاو سوریایدا، و زیانێکی زۆری گیانی و ماددی لەم وڵاتانەدا .


بومەلەرزە سزاو توڕەیی خودا نییە لەسەر قەومێك، وەك لەلایەن هەندێك کەسەوە بە تایبەتی کەسانی ئاینی پیشان ئەدرێت، بەڵکو دیاردەیەکی سروشتی ئاسایی سروشتییە. ئەگەر بومەلەرزە غەزەب بێ بۆ وڵاتێك یا بۆ گەلێك؟ ئەوا دەبوو یەکەم وڵات کە ئەو کارەساتە ڕووی تێکردبا وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و ئاسیایی بێ. بەپێی پێوەری ئەخلاقی ئایینی بێت، وڵاتانی وەك مەکسیك و ئیتالیا و فەرەنسا و دانیمارك زۆرترین ڕێژەی خراپەکاری ئەخلاقی و خراپەکاری ئاینی تێدایە! بۆ لەو وڵاتانە ڕونادات؟ چ وڵاتێك هێندەی فەرەنسا دژایەتی دینی ئیسلام و خوداوەند ئەکەن؟ ئەی بۆچی دەنگی تەقەیەك نابیسترێ؟ بۆچی ماڵ و وڵاتی کاربەدەستان و زاڵمان هیچی لێنایە هی من و تۆ ئەڕوخێت و ئاوارە ئەبین؟ بۆچی نادی و شوێنی ڕابواردن لە لاس ڤێگاس و لندن و پاریس و قبرس و شوێنەکانی دیکەی دنیا ناڕوخێ؟ بۆچی گوندی لوبنانی لە هەولێر هیچی لێنایە؟ بەڵام ماڵە هەژارێکی سوری کە نان نییە بیخۆن پێنج سەر خێزانن هەر پێنجیان ئەمرن؟

لە بەرامبەردا بۆ وڵاتێکی وەك تورکیا و ئەندۆنیزیا کە زۆرترین ڕێژەی مسوڵمانیان تێدایە و هەموویان بڕوایان بەخوا و پێغەمبەر هەیە ڕوودەدات و ئەو هەمووە خەڵکە ئەمرن؟ سەیری وێنەکانی خوارەوە بکەن. ئەی ئەوانەی ڕووداوی سروشتی ئەگەڕێننەوە بۆ سزایی خوایی، پێمان بڵێن گوناهی ئەو منداڵانە ئەبێ چی بێ؟ ئەبێ چەند زینایان کردبێ؟ چەند مرۆڤی بێتاوانیان کوشتبێ؟ چەند ماڵی هەتیوو و میللەتیان خواردبێ؟ چەند دزی و گەندەڵی وفەسادیان کردبێ؟ چەند مشروب خۆربن؟ سەیربکە ماڵەکانیان کەلامی خوای تێدایە، قورئانی تێدایە.

بالەباری زانستیەوە بوومەلەرزە شیبکەینەوە:

توێکڵی زەوی لەچەندین پلێت پێکهاتووە. بەدرێژای مێژووی زەوی ئەم پلێتانە بەهۆی جوڵەی تەووژمەی بەردەکانەوە لە ژێر زەوی لەجوڵەدان، جوڵەکانیش چەند جۆرێکن. نزیکەی ٦٠-٧٠ ملیۆن ساڵ پێش ئێستا پلێتی عەرەبی لەگەڵ پلێتی ئۆراسی توشی پێکدادان بوون کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە بەڕێژەی ×-×سم لەساڵێکدا. لەم ڕووداوەدا زۆرترین شکان و لێکترازان و چەمانەوەی هەرێمی و گەورەی لەچینە بەردیەکان لەخاکی ئێران و عێراق و تورکیادا دروست کردووە کە ئەمڕۆ بوونیان سەلمێنراوە لەژێر زەوی بەهۆی ئامێرە جیۆفیزیکیەکانەوە.

ئەم شکانانە بۆشایی و درزی گەورەیان دروستکردووە کە لەئەنجامی جوڵەی بەردەوامی پلێتەکان لەهەر ساتێکدابێت یان جێگیر دەبنەوە یان شکان و لێکترازانی نوێ دروست دەکات، کە لەهەردوو حاڵەتەکەدا وزەیەکی یەکجار زۆر و زەبەلاح دەردەپەڕێنێت. ئەم وزەیە دەبێتە هۆی




دروستکردنی جوڵە و نائارامی لەژێر زەوی ئەو ناوچەیەی شکانەکەی تێدا ڕوویداوە، کاتێك ئەم شەپۆلانە دەگاتە سەر زەوی بەشێوەی شەپۆلی لەرینەوە وڕاتەکاندن و بەرزو نزمی دەردەپەڕێت و بوومەلەرزە دروست دەکات.

وڵاتی تورکیا بەهۆی کاریگەری چالاکی لێکدانی پلێتەکانە لەسەری. تورکیا لەڕووی تێکتۆنیەوە دابەش ئەبێ بۆ چەند زۆنێك، کەزۆربەی زۆری زۆنی ئاڵۆزن لەڕووی جیۆلۆجیەوە، ئەم زۆنانە بەپێی بەهێزی کاریگەری لێکدانی پلێتەکان جیاکراونەتەوە. ئەو شوێنانەی کاریگەری لێکدانی پلێتەکان لەسەری زۆربێ زیاتر ئاڵۆزبووە و گونجاوترە بۆ ڕوودانی بومەلەرزە. خاکی تورکیا یان ئەناتۆڵیا لە چاخی کریتاسی چەند دوورگەیەکی ئاوی بوو ئەم تورکیایەی ئێستا هێشتا دروست نەببوو، بەهۆێ لێکدانی پلێتەکان و کشانەوەی زەریای نیو تیسز هێدی هێدی بەریەك کەوتن تا لەکۆتایی چاخی سێیەمی یان تێر شەری بەتەواوی بەهۆی جوڵەی تێکتۆنی ئەلپاین لێکیاندا. بێگومان لەسەرانسەری گۆی زەوی بەدرێژایی دروستبوونی زەوی و تا ئێستاس چەندین پلێتی گەورەمان هەیە لەسەر زەوی لە جوڵەی بەردەوامدان کە هەندێکیان زۆر چالاکن، هەندێکیشیان چالاکن هەندێکیشیان کەم چالاك.

کاتێك بۆ ماوەیەکی زۆر، بەدەیان ساڵ یان سەدان ساڵ لەشوێنێکی چالاکی تێکتۆنی هیچ بومەلەرزەیەك یان بورکانێك ڕووی نەدا؟ ئەوا وزەیەکی گەورەی بەهێز لەژێر زەوی متبووە چاوەڕێی چەند چرکەیەك ئەکات هەلومەرج بۆی گونجاوبێت و دەرپەڕێ بۆ سەر زەوی. بومەلەرزە بەهۆی پەنگ خواردنەوەی وزە لێکدانی پلێتەکان و لەناکاو دەرپەڕینی بۆ سەرزەوی دروست ئەبێ و ئەبێتە هۆی کاولکاری.

ئەم بومەلەرزەی لە وڵاتی تورکیا ڕوویداوە بەهۆی پەنگخواردنەوەی وزەی یەکجار زۆری ژێر زەوی و نێوان پلێتە گەورەکانی وەك پلێتی زەبەلاحی عەرەبی و پلێتی زەبەلاحی ئوراسی وهەروەها پلێتی ئەفریقی دروست بووە. بەئەگەرێکی زۆر لێکترازانی گەورەی ئەسوریان (ئاشوری) کەدرێژکراوەی لێکترازانی زەبەلاحی زاگرۆسەو بەخاکی ئێران وعێراقیش تێدەپەڕێ هۆکاری ئەم بومەلەرزەیە بوون کە ئەم هێڵە بە بەباشوری خاکی ئێراندا درێژ ئەبێتەوە بۆ خاکی عێراق لە ناوچەکانی ئەوپەڕی ڕۆژهەڵات و باکوری عێراق واتە کوردستانی خۆمان، و دواتر بۆ خاکی باکووری کوردستان درێژ ئەبێتەوە تادەگاتە سەر دەریای ناوەڕاست لەنێوان غازی ئەنتاب و ئەدەنە. ئەم ناوچەیە چەندین لێکترازان و شکانی گەورەی تێدایە لەجۆری سواربوو و تەنیشتە خزان. لێکترازانی گەورەی دەریای مردوو و لێکترازانی گەورەی باشوری ئەناتۆڵیا دوانن لەو لێکترازنە گەورانەی کەبەم ناوچەیەدا درێژبونەتەوە. واتە شوێنی بوومەلەرزەکە ڕاستەوخۆ نزیکە لە دوو لێکترازانی زەبەلاحی هەرێمی، بۆیەش کاریگەریەکە و گوڕیەکەی هێندە بەهێزبووە.

# یەکێتی دوو سەرەی کوردایەتی وئیسلامی سیاسی

نووسینی: ئیبراهیم حسێن



ئیسلامی سیاسی و کوردایەتی دوو جوڵانەوەی کۆنەپەرستی بۆرژواییین کە ئەمرۆ بەکردەوە، نەفەس و خولیای ژیانی ئازاد و خۆشبەختیان، لەسینەی هاوڵایانیدا خنکاندوە. دوو جوڵانەوە کە یەکیان بەڕەسمی لەدەسەڵاتدایە و دووەمیان لە سێبەریدا دەلەوەڕێ. یەکێکیان لەبەرامبەر هەر دەکەوتێنکی شەرافەتمانەی کرێکاران وبێبەشان و ئازادخوازیدا، چەک و گەلەی میلیشیا، بۆ شەقامەکان قاو دەدا و زیندانی دەکا و شاربەدەر دەکا و دادگای کارتۆنی و فەرمایشی و فەرمانی قەرقوشی دەردەکا و دوەمیان، لە دژی هەر دەرکەوتنێکی جوانی و شادیەکدا لە دژی هەر نەفەسێکی ئازاد و ڕادیکاڵدا، دەکەوێتە سەر پاشو، دەمی کەف دەکا و فەتوا دەدا و تەکفیر دەکا و دەکەوێتە تۆقاندنی ئەخلاقی و مەعنەوی چەپ و ئازادیخوازی، ژنان و مەدەنیەتی کۆمەڵگە.

**ئیسلامی سیاسی و کوردایەتی دوو جوڵانەوەی کۆنەپەرستی بۆرژواییین کە ئەمرۆ بەکردەوە، نەفەس و خولیای ژیانی ئازاد و خۆشبەختیان، لەسینەی هاوڵایانیدا خنکاندوە. دوو جوڵانەوە کە یەکیان بەڕەسمی لەدەسەڵاتدایە و دووەمیان لە سێبەریدا دەلەوەڕێ**

یەکێکیان لەو بەختیە چینایەتیەی کە خولقاندویەتی، دەرفەتی کار و ژیانێکی شکۆمەندانە و شایستە بەسەر هەزاران گەنج و ژن و لاو دادەخا و کۆمەڵگەیەکی داوەشاوی خاڵی لە ئومێد، خاڵی لە شادی وپەست دروستدەکا.

دوەمیان لەسەری دەلەوەڕێ، دەکەوێتە ڕاوکردن لە ناو زۆنگاوی ئەو شێوە ژیانە نائومێدەکەرەی کوردایەتی دروستیکردوە. یەکەمیان لێشاوی گەنج و لاوی خانەوادە کرێکار و زەحمەتکێشەکان بەدیار دەرفەتی کارێک دۆش داماو دەکا، وا دەکا هەزارەها خانەوادە کرێچی بن و بەردەوام لە کابوسی ئەوەدا بژین کە ئاخۆ ئەو مانگە و مانگی داهاتوش دەتوانن ئابڕمەندانە حەقی مانەوەیان لەو چوار دیوارە و لەژێر ئەو سەقفە بدەن یان دەبێ بکەونە هەوڵی دۆزینەوەی چواردیوار و سەقفێکی تر.

دوەمیان تۆڕی هەزار سەرەی مێشک شۆڕینی ئیسلامی فڕێ دەدا، هەمان ئەو کرێکار و زەحمەتکێشە دەردەدارە هان دەدا لە دژی ژیان و خۆشی، فێریان دەکا نەک هەر لە ژیان بتۆرێن، بەڵکو بیانگۆڕێ بە دوژمنی هەر شتێک کە بۆنی خۆشەویستی ژیان و خۆشبەختی و ئازادی لێدێ.

یەکەمیان تۆڕی بازرگانی فەحشا و تلیاک و هێرۆین و هتد ڕێکدەخا و دوەمیان، فەحشای دینی و میسیار و موتعە و فرەژنی و فەتوا لەدژی ژیان و ژن و مەدەنیەت و ئازادی. لە کوردستانی گیرۆدەی دەستی ئەم دوو بزوتنەوە کۆنەپەرستە، تەنیا مەلهاکان و بازاڕی حەشیش وتلیاک و فەحشای شاراوە و ئاشکرا نییە کە جمەیان دێ، بەڵکو بازاڕی ڕاوکردنی عەقل و ئیرادەی کەنج و ژنی ئەو کۆمەڵگەیە کە سیمسارەکانی ئیسلامی سیاسی وەک عبدالواحید و عبدول لەتیف و حاجی کاروانەکانیش جمەی دێ.

ئەو دوو بازاڕە بە یەکەوە و لەگەڵ یەکدا هەن و لازم و مەلزومی یەکترن. ئەگەر ئەو هەموو گەنج و لاو و ژن و مرۆڤە، ئەسیری ئیسلامی سیاسی نەبایە، عبدولەتیف و حاجی کاروان و مەلا هەڵۆکان ئەوەندە دەست ئاواڵا نەبان کە هەر کارێک کە بیانەوێ بە زەین و هۆشی مرۆڤی بکەن، کوردایەتی و دەسەڵاتی کوردایەتی و ئەو بەدبەختیەی ئەمرۆ، ئەوەندە بە ئاسانی قبوڵ نەدەکرا.

لەلایەکی تریشەوە، ئەگەر دەسەڵاتی کوردایەتی و ئەو بەدبەختیەی ژێر حاکمیەتی کوردایەتی نەبایە و ئەگەر دەسەڵاتێکی ئازاد هەبایە کە ژیان و کەرامەت وسەلامەتی ڕۆحی و ئازادی مرۆڤ لە دەستدرێژی ئەو باندە سیاسیە دینی و قەومیە بپارێزێ، دوکانی ئەو باندە ڕەشە دینی و ئیسلامیە سیاسیە ئەوەندە گەرم نەدەبوو. مرۆڤ ئازادتر دەبوو، حورمەتی مرۆڤ پڕ بەهاتر دەبوو، ئازادی مرۆڤ پیرۆزتر و ڕاوەستاوتر دەبوو. ژیان جوانتر ودڵبەستن بە ژیان هەزاران هەزار بەرابەری ئێستا دەبوو.

ئەوکات ئەو مرۆڤایەتیە ئازادە کە ئێستا لەلایەن ئەو دوو کۆنەپەرستیە ژیانی ئازادی لێ زەوت کراوە، دەیتوانی کۆمەڵگەی ئازادی خۆی دروست بکا. ژیانی سیاسی کۆمەڵایەتی خۆی، تەندروستی و پەروەردە و خوێندن و فێرکردن و جادە بان و پارک ونەخۆشخانەکانی خۆی بە جوانترین شێوە ڕێکخاتەوە. ئەو کات پێویستی نەدەکرد کەس کرێچی بێ، پێویستی نەدەکرد کەس بێکار بێ، پێویستی نەدەکرد کەس بۆ دۆزینەوەی درفەتێکی باشتری ژیان لە شوێنێکی تر لە دەریا و چۆڵەوانیەکان بدا. پێویستی نەدەکرد کەس لە ناچاری چەکی ئەم دارودەستەی کوردایەتی هەڵبگرێ. پێویستی نەدەکرد بە خەیاڵی حەفتاو حەوت حۆری و شەرابەن تەهور، بکەوێتە چنگی باندی سیاسی ئیسلامیەوە.

ئەو ئاگرەی کە لە ئێران خەریکە دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی دەڕۆخێنێ و ئاسۆی شۆڕشێکی تر لە ئێران دەنەخشێنێ، بە دەرەجەی یەکەم زەمینی ژێر پێی کەچە و کوچەی ئیسلامی کوردستان و دیکتاتۆریەتی داماوی کوردایەتی داغ دەکا. دوو جوڵانەوە کە یەکیان لەسەرەوە و ئەوەی تریان لە خوارەوە، خەریکن ئەو کۆمەڵگەیە دەدۆشن، خەریکن خێر و بێر و ئیمکاناتی ئەو کۆمەڵگەیە، هەڵدەلوشن و یاری بە مقدەراتی دەکەن، بێ یەکتر نامێننەوە. هێز لەیەکتر وەردەگرن و هێز بە قەرز بە یەکتر دەدەن و هەر تۆفانێکی ڕادیکاڵ لە ناوچەکەدا وا دەکا باوەڕ بە پێویستی ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی ئەو دوو بزوتنەوە پوچە بۆرژوازیە بباتە ئاستێکی بەرزتر. بۆیە ئەو دوو جوڵانەوەیە ئەگەر بە یەکەوە لەدایک بوون و بە یەکەوە ئەو بەدبەختیە سیاسی و کۆمەڵایەتیە سەرتاپاگیرەیان خولقاند، بە یەکیشەوە ناچارن ڕووبەڕووی قەدەری تۆفانەکانی داهاتوو ببنەوە.

# تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی ڕاپەڕینی ئێران

**ئەم راپەڕین و هەستانە جەماوەرییە، کە درێژکراوەی راپەرین و هەستانە جەماوەرییەکانی پێشوترە، خاوەنی چەند تایبەتمەندیەکی دیاریکراوە کە گەیاندویەتی بە ئێستا و جێگا ئومێدی بەرینی دنیا. سەراسەری بوونی هەستان و راپەرینە جەماوەرییەکە بەجۆرێکە کە هەموو شارو شارۆچکەو تەنانەت بەشێکی زۆر لە دێهاتەکانییشی گرتۆتەوە. هەروەها سەرجەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە شۆرشگێرەکان تیایدا بەشدارن، کرێکاران، مامۆستایان، ژنان، لاوان، خوێندکاران، خانەنشینان...تاد. هەروەها بوونی هاوئاهەنگی لە نیوان بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و بەشەکانیدا، باڵادەستی دروشم و داخوازی سەراسەری و رادیکاڵ و پێشکەتنخوازانە و کەم رەنگی و لاوازی ناسنامە مەحەلی و ناسیونالیستی و میللیەکان. درێژەکێشانی راپەرین و بەردەوامیەکەی کە لە مانگ و نیوێك نزیك دەبێتەوە. لاوازی رۆڵ و نەخشی ئەمریکاو غەرب و هیزەکانی دژە شۆرش... ئەمانە بەشێك لە تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی هەستان و راپەڕێنی ئەمجارەی جەماوەری بێبەشی ئیرانن...**

********

بۆپێشەوە
FORWARD
بلاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە



پرسی ژن

؟

بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە،

ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر

## لەپێشوازی هەشتی مارسدا... مافەکانی ژنان لە بەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکارییدا...

# یەکسانیی ژن و پیاو، قەدەغەکردنی جیاکاری لەسەر بناغەی ڕەگەزی...

جیاکاری لەدژی ژنان تایبەتمەندیەکی گرنگی دنیای ئەمڕۆیە. لە بەشی هەرەزۆری وڵاتانی جیهاندا، ژنان بەڕەسمی و بە یاسایی تەنانەت لەو ماف و ئازادیە بەرتەسک و بێبایەخانەش بێبەشن کە پیاوان لێی بەهرەمەندن. لەو وڵاتانەدا کە لە ڕووی ئابووریەوە دواکەوتوون، هەروەها لەو کۆمەڵگایانەدا کە دین و نەریتە کۆنەکان ڕیشەیەکی قووڵتریان لەنێو نیزامی سیاسی و ئیداری و کەلتووریی کۆمەڵگادا هەیە، ستەمکێشی و بێمافی و ژێردەستەیی ژن بەئاشکراترین و قێزەونترین شێوە خۆی دەنوێنێ. لە وڵاتانی پێشکەوتووتر و مۆدێرنتردا و تەنانەت لەو کۆمەڵگایانەشدا کە لەسایەی بزووتنەوەکانی لایەنگر لە مافەکانی ژنان و هەڵمەتە سۆسیالیستیە کرێکارییەکان جیاکاریی جنسی بەڕواڵەت لە بەشی هەرەزۆری یاساکاندا هەڵگیراوە، هێشتا ژنان لە جەرگەی میکانیزمی ئابووری سەرمایەداری و دابونەریت و بیروباوەڕە پیاوسالاریەکانی نێو کۆمەڵگا، بە کردەوە لەزۆر ڕووەوە دەکەونە بەر جیاکاری و ستەم.

خودی ستەمکێشیی و پلەدوویی ژنان لە داهێنانی نیزامی سەرمایەداری نییە. بەڵام سەرمایەداری ئەم میراتە نەفرەتهێنەرەی مێژووی لەوەپێشی پەرەپێداوە و کردوویەتیە یەکێک لە کۆڵەکەکانی پەیوەندیە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی ئەم سەردەمە. ڕەگ و ڕیشەی نایەکسانی و بێمافیەکانی ئەمڕۆی ژنان، ناگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕی کۆن و میراتی فیکری و کەلتووریی نیزام و کۆمەڵگا کۆن و لەناوچووەکان و پەیامبەران و دیانەتەکانی سەردەمی جاهیلیەت، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگای سەرمایەداری پیشەسازی و مۆدێرنی ئەمڕۆ. ئەو نیزامەی کە وەکو فاکتەرێکی گرنگی ئابووری و سیاسی دەڕوانێتە دابەشبوونی ڕەگەزی ئینسانەکان لەمەیدانی بەرهەمهێناندا بۆ زامنکردنی قازانجی سەرمایە. مرونەت بەخشین بە هێزی کار لە کارپێکردن و دەرکردندا، پێکهێنانی دووبەرەکی و کێبەرکێ و کێشمەکێشی ناوخۆیی لەنێو بەرەی خەڵکی کرێکاردا، زامنکردنی بوونی بەشە بێبەشترەکان لەنێو خودی چینی کرێکاردا کە لەخوارەوە ڕاگرتنی ئاستی ژیانی هەموو ئەم چینە مەیسەر دەکات، و سەرەنجام لەکەدارکردنی هەستی ئینسانی و چینایەتی کۆمەڵانی کرێکار و زیندوو هێشتنەوەی بیروبۆچوون و ئەفکار و دەمارگیریە کۆن و سواو و ئیفلیجکەرەکان، ئەمانە خێروبەرەکەتەکانی ستەمکێشیی ژنانە بۆ سەرمایەداری مۆدێرنی ئەمڕۆ و لەهەمان کاتدا بەشێکن لە کۆڵەکەکانی کەڵەکەی سەرمایە لە دنیای ئەمڕۆدا. بەدەرلەوەی کە سەرمایەداری لەزاتی خۆیدا و بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ یەکسانی ژناندا دێتەوە یان نا، سەرمایەداری کۆتایی سەدەی بیستەم بەشێوەیەکی دیاریکراو خۆی لەسەر ئەم نایەکسانیە بیناکردووە و بە سووک و ئاسانی و بەبێ بەرەنگاری سەرسەختانە و زەبروزەنگاوی دەستبەرداری نابێت.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەپێناو یەکسانی تەواو و بێقەیدوشەرتی ژنان و پیاوان لە هەموو ڕوویەکەوە، خەبات دەکات. سەردێڕی ئەو یاسا و هەنگاوانەی کە دەبێ هەرئێستا و دەستبەجێ بۆ دەستپێکردن بە لابردنی جیاکاری لەسەر ژنان پیادە بکرێن بریتین لەمانە:

ڕاگەیاندنی یەکسانیی تەواو و بێقەیدوشەرتی ژنان و پیاوان لە مافە مەدەنی و فەردیەکاندا و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە لەگەڵ ئەم پرنسیپەدا ناکۆکن.

دابینکردنی دەستبەجێی یەکسانیی تەواوی ژن و پیاو بۆ بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگا لەئاستە جیاجیاکاندا. مافی بێقەیدوشەرتی ژنان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن لە هەموو ئاستەکاندا و بەدەستهێنان و گرتنی هەر پۆست و پلەوپایەیەک، سیاسی بێت یان ئیداری یان دادوەری □تاد. هەڵوەشاندنەوەی هەر یاسا و ڕێسایەک کە مافی ژنان لەبەشداریکردنی یەکسان لە ژیانی سیاسی و ئیداری کۆمەڵگادا بەرتەسک دەکاتەوە.

یەکسانیی تەواوی مافەکان و جێوشوێنی یاسایی ژن و پیاو لەخێزاندا. هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازاتەکانی پیاو وەکو"سەرپەرشتیاری خێزان" و دانانی ماف و ئەرکی یەکسان بۆ ژن و پیاو لەپەیوەند بە سەرپەرشتی و پەروەردەکردنی منداڵ، کۆنترۆڵکردن و بەڕیوەبردنی ماڵ و موڵک و کاروباری دارایی خێزان، میرات، هەڵبژاردنی شوێنی ژیان و نیشتەجێبوون، کاری ناوماڵ و پیشەیی، تەلاق، سەرپەرشتیکردنی منالانی ساوا لەحاڵەتی جیابوونەوەدا و بەشکردن و خاوەندارێتیکردنی ماڵوموڵکی خێزان. قەدەغەکردنی فرەژنی. قەدەغەکردنی سیغە. هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو ئەرکانەی لە شەرع و دابونەریتە کۆنەکاندا بۆ ژن بەرامبەر بە پیاو دیاریکراوە و دەبنە مایەی یەخسیربوونی، قەدەغەکردنی پەیوەندیی جنسیی مێرد لەگەڵ ژنەکەیدا بەبێ مەیلی ژن، تەنانەت ئەگەر بەبێ توندوتیژیش بێت. لە حاڵەتی شکاتکردنی ژنەکەدا دەبێ ئەم کەیسانە وەکو دەستدرێژیی جنسیی لەلایەن مێردەکەیەوە پەیگیری بکرێ و دادگایی بکرێ. قەدەغەکردنی سەپاندنی کاری ناوماڵ یاخود ئەرکی تایبەتیی ماڵداریی بەسەر ژنان لە خێزاندا. دانانی سزای قورس بۆ هەرجۆرە ئازاردان، ترساندن، ئازادی زەوتکردن، سووکایەتی و توندوتیژیەک لەدژی ژنان و کچان لە خێزاندا.

یەکسانیی تەواوی ژن و پیاو لە مەیدانی ئابووری و کاری پیشەییدا. باڵکێشانی یەکسانی یاساکانی کار و بیمە کۆمەڵایەتیەکان بەسەر ژنان و پیاواندا، بەبێ هیچ جۆرە جیاکاریەک. کرێی یەکسان بۆ ژن و پیاو لەبەرامبەر کاری هاوشێوەدا. هەڵوەشاندنەوەی هەرجۆرە تەنگەبەریەک بۆ چوونی ژنان بۆ سەر کار و پیشە جیاجیاکان. یەکسانیی تەواوی ژنان و پیاوان لە هەموو کاروبارەکانی پەیوەست بە کرێ، بیمەکان، ئیجازەکان ، سەعات و شیفتی کار، کاردابەشکردن و پۆلێنکردنی کارەکان، پلەبەرزبوونەوە لە کاردا، نوێنەرایەتیکردنی کرێکاران لە ئاستە جیاجیاکاندا. پەسەندکردن و بەڕێوەبردنی یاساورێسا و ستانداردی تایبەتی لە دامەزراوەکاندا بۆ زامنکردنی بەردەوامبوونی ژنان لەسەر کارو پیشەکانیان، وەکو قەدەغەکردنی دەرکردنی ژنانی دووگیان، قەدەغەکردنی سپاردنی کاری قورس بە ژنانی دووگیان و دابینکردنی پێداویستیە تایبەتیەکانی ژنان لەشوێنی کاردا. ١٦ هەفتە مۆڵەت بۆ کاتی دووگیانی و منالبوون و یەک ساڵ مۆڵەت بۆ چاودێریکردنی کۆرپە، کە دەبێ بەپێی ڕێککەوتنی هەردوولا لەلایەن ژن و مێردەوە کەڵکی لێوەربگیرێ. پێکهێنانی هەیئەتەکانی لێپرسینەوە و کۆنترۆڵکردن کە ئەرکیان چاودێریکردنی بەڕێوەبردنی ئەم ئەرکانەیە لەلایەن دامەزراوەکانەوە.

پێکهێنانی دامەزراوەی تایبەت بۆ دەستنیشانکردن و بڕیاردان لەسەر جێبەجێکردنی مافەکانی ژن و پیاو لە کارە پیشەییەکان و شوێنەکانی کاردا بەشێوەی یەکسان، چ دەوڵەتی بێت یان غەیرە دەوڵەتی، قازانج نەویست بێت یان قازانجهێنەر. لێپێچینەوەی یاسایی و سزادانی گەورەی ئەو دامەزراوە و بەڕێوەبەرانەی کە بنەمای یەکسانیی ڕەهای ژن و پیاو لە چالاکی پیشەییدا پێشێل دەکەن.

پێکهێنانی دامەزراوە و دامودەزگا و فەراهەمکردنی ئاسانکاریی خۆڕایی وەک دایەنگە و باخچەی ساوایان و مەڵبەندەکانی یاری و پەروەردەکردنی ساوایان لە گەڕەکەکاندا کە بە لەبەرچاوگرتنی گوشاری یەکلایەنەی کاری ناوماڵ و چاودێریکردنی منالان لەسەر ژنان لە هەلومەرجی ئێستادا، هەنگاونانی ژنان بۆناو چالاکی ئابووری و سیاسی و کەلتووری لە دەرەوەی خێزان ئاسان دەکەن.


هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو یاساورێسا دەستوپێگیر و دواکەوتووە ئەخلاقی، کەلتووری و ناموسیانەی کە لەگەڵ سەربەخۆیی و ئیرادەی سەربەخۆی ژنان و شەخسیەتی ئەوان وەکو هاوڵاتیەکی خاوەن مافی یەکسان لە کۆمەڵگادا نایەنەوە. هەڵوەشاندنەوەی هەرجۆرە کۆسپ دانانێک لەڕێگای مافی سەفەرکردن و جێگۆڕکێی ژناندا، شووی کردبێ یان نەیکردبێ، لە ناوخۆ یان لە دەرەوەی وڵات، بە حەز و ئارەزووی خۆی. هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو یاساورێسایانەی کە ئازادی ژنان لە هەڵبژاردنی جلوبەرگ و پۆشاکیاندا، هەڵبژاردنی کار و هاوەڵانیاندا، بەرتەسک دەکەنەوە. قەدەغەکردنی هەرجۆرە جیاکردنەوەیەکی ژنان و پیاوان لە دامەزراوە و کۆڕ و کۆبوونەوە و گوزەر و هۆیەکانی گواستنەوەی گشتیدا. فێرکردن و بارهێنانی تێکەڵاو لە هەموو ئاستەکاندا. قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ئەو نازناوانەی کە ژن بەپێی جێوشوێنی لەبەرانبەر پیاودا پێناسە دەکات، لە نامە و نووسراو و قسەوباسە ڕەسمیەکاندا لەلایەن کاربەدەستان و دامودەزگا و دامەزراوە دەوڵەتی و تایبەتیەکانەوە. قەدەغەکردنی هەرجۆرە خۆتێهەڵقورتاندنێک لەلایەن هەر ناوەندێکەوە بێت، چ کەسوکار بێت یان دامودەزگاو ناوەندە ڕەسمیەکان لە ژیانی تایبەتی و پەیوەندیە شەخسی و سۆزداری و جنسیەکانی ژناندا. قەدەغەکردنی هەرجۆرە مامەڵەیەکی سوکایەتی ئامێز، پیاوسالارانە، باوکسالارانە و نایەکسان لەگەڵ ژناندا لە دامودەزگا و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکاندا. قەدەغەکردنی ئاماژە کردن بۆ ڕەگەزی ئینسانەکان لە ئاگاداریەکانی کاردا. لابردنی هەموو ئاماژە جیاکاری و سوکایەتی ئامێزەکان بەرامبەر بە ژنان لە کتێب و سەرچاوەکانی خوێندندا و لەبری ئەمە دانانی بابەتی خوێندنی پێویست بۆ نیشاندانی یەکسانیی ژن و پیاو و ڕەخنەگرتن لە شێوە جیاجیاکانی ستەمکێشی ژن لە کۆمەڵگادا. پێکهێنانی دامودەزگای پشکنین و دیاریکردنی تاوان و یەکەکانی پۆلیسی تایبەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ حاڵەتەکانی ئازاردان و جیاکاری بەرامبەر بە ژنان.

هەوڵی چڕوپڕ و ڕاستەوخۆی دامودەزگا پەیوەندیدارە دەوڵەتیەکان بۆ خەبات لە دژی کەلتووری پیاوسالارانە و دژی ژن لە کۆمەڵگادا. هاندان و بەهێزکردنی ئەو دامودەزگا نا دەوڵەتیانەی کە بۆ بەدیهێنان و سەقامگیرکردنی یەکسانیی ژن و پیاو تێدەکۆشن.

گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا سالح، حەکیم میرزا




# تەوزیفکردنی کرێکار لای شاعیران بەنموونە

## مەحمود قەرەداخی و محمد عومەر عوسمان

هەندێکجار لەناو دنیای خەیاڵی شاعیراندا بێ ئەوەی ئاگایان لەیەک بێ دەبینین دوو شاعیر، دوور لەیەک یان هەریەکەیان سەربەکلتورو نەتەوەیەکی جودا بێ، دەکرێ ئەودەقە شیعرەی تەوزیفی دەکەن لەسەریەک بابەت وێنای شیعری خۆیان بکەن ئەم تایبەتمەندیە لای شاعیران دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بیر و ئەندێشە ناسکە یان، بابەتێک دەبێتە فاکتەری نووسینەکانیان .

هەر شاعیرەو بەپێی ئەو دنیابینیەی هەیانە ئەو بابەتە ڕەنگدانەوەی دەبێ لەسەر دەقە شیعرەکانیان بەبێ ئەوەی ئەو دوو شاعیرە بزانن هەردووکیان لەسەر بابەتێک دەنوسن .

بۆ نمونە زۆرێک لەشاعیران لەسەر (ئیشق، ناپاکی، اغتراب، غوربەت، دەریا، پایز... هتد) ئەمانە بۆتە کرۆکی دەقەکانیان و بەشیعر ئاماژەیان پێکردوە، واتە سروشت و بوون و واقعی ژیان کارێکی تەواو دەکەن لەسەر هزروهەستە باڵاکانی شاعیران، بابزانین لەنێوان هەردوو شاعیر"محمد عومەر عوسمان" ناسراو بە (ژەنەڕاڵی پایز) و "مەحمودقەرەداخی " چۆن تەوزیفی (کرێکاریان) کردووە.

ژەنەڕاڵی پایز "بەم شێوەیە تەوزیفی کردووە:

پێڵاوەکەشم، وەک خۆم برینرار

ڕەش بوو لە تۆزا، بەگەرمای تەموز

بەفری مزگێنیم ئەبارانەسەر

کرێکارانی ناو کانە خەڵوز

محمد عومەر عوسمان، لەم بەیتە شیعرەیدا، سەنگ و قورسایی دەبەخشێتە کرێکارو بەدیدگایەکی فەلسەفی خاوەن دیدگای چینایەتی، شکۆی کریکار وەک خۆی وێنا کردوە، کاتێک ئاماژە بەوە دەکات بەفری مزگێنی دەبارێنێتە سەر کرێکارانی کانە خەڵوز، بەو مانایە دێت ڕێز لە ماندووبوون و پیرۆزی ئەو کارەی دەکات کە لەناو ڕەشی و خەڵوزی کانەکاندا سەراپای داپۆشیوە.

بابزانین "مەحمود قەرەداخی " چۆن تەوزیفی کرێکار دەکات:

وەک لێرەدا دەڵێ:-

تەنها و تەنها شەکەت بوون ئەناسم،

تەنهاو تەنها کرێکاری خەیاڵی داگیرکردووم..

مەحمود قەرەداخی، بەهەمان شێوەی ژەنەڕاڵی پایز، سەنگ و شکۆی کرێکار بەچاوێکی باڵانما تەماشا دەکات ئەوەی لێرەدا قەرەداخی، جیادەکاتەوە لە ژەنەڕاڵی پایز ئەوەیە "قەرەداخی" نەک ڕێز و شکۆی کرێکار ڕادەگرێ بەڵکو بیرو ئەندێشەو خەیاڵیشی داگیرکردوە.

خامەیەک "پڕ لەعیشقم

گۆرانی بۆشەکەت بوونی خۆم ئەڵێم،

تادیداری شیعرم

ڕووە ڕەشەکانی ئێوە ئاشکراکات،

تەمەنێکم لەشەکەت بوون بردەسەر

" قەرەداخی" لەم دەقە شیعریەی زۆر بەڕوونی پەنجەی خستۆتە سەر شکۆمەندی کرێکار وەک چینێکی ستەم دیدەو زەحمەتکێش و داینەمۆی شۆڕشێکی کرێکاری، کە مرۆڤ لەسایەی بەرپابوونی شۆڕش و هاتنە سەر کایەی حوکومەتێکی کارگەریی بە ئازادی و مافە مەدەنیەکانی خۆی دەگا...

شاعیر لێرەدا سروودی نارەزایەتی بەرامبەر سەرمایەداری جیهانی بەدەنگێکی زولاڵ دەچڕێ، وەک خۆی وتەنی گۆرانی بۆ شەکەت بوونی خۆم ئەڵێم تاوەکو ڕووی ڕاستەقینەی سەرمایەداران و بۆرژواکان ئاشکرا بکات و پەردە لە ڕووی ستەمکاری و خوێن مژینیاندا هەڵماڵێ.

لەلایەکی ترەوە "قەرەداخی" ئامادە نییە، لەسەر مێزی خواردنەوە پێکی شەراب لەگەڵ کەسانی مشەخۆرو سەرمایەدار نۆش بکات، بەڵکو لەخۆشی خۆش نابێ، وشەیەکی نەرم کە بۆ ئەوان ناشێ لەئاستیاندا بیڵێ، بەڵکو ئەو دەزانێ جگە لە داشورین و تانەو سووکردنیان هیچ وشەیەکی تر شایەنیان نییە. و نابێ. وەک لێرەدا ئاماژەی پێکردوە ..

پێکی شەرابی ئێوەم نۆش نەکرد

نەکا لەنەشئەیەکی تەریقیا

وێردی وشە نەرمەکان

بەخۆشیتان نۆش بێت،

شاعیر بەجوانی جێگەو پێگەی خۆی دۆزیوەتەوە لەژیانداو خاوەنی پەیام و هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی خۆیەتی کەخۆی لە ئایدولۆژیایەکی ئینسانی و چینایەتیدا دەبینێتەوە کە ئاڵا شەکاوەکەی کرێکار تیایدا لەبڵندیدا دەشەکێتەوە لێرەوە دەگەینە ئەو حاڵەتەی کە کرێکار وەک چینێکی چەوساوەو زەحمەتکێش، بەدەست سەرمایەداری جیهانەوە دەچەوسێنرێتەوە و بەرهەمی ڕەنج و ماندوو بوون و هێزی کاری کرێکاران، دەدزن.

مەحمود قەرەداخی، کاتێک دەڵێت من لەڕۆحێکی سپی و

شەکەتەوە گوڵە سورەکانی عیشق ئەناسم،

من لەڕوحێکی سپی وشەکەتەوە

گوڵەسورەکانی عیشق ئەناسم

تامەیلی ئەوان

بەڕووسوری بۆژیان

بۆنێک لەبەرلوتی بێ منەتیتانا

خامەیەک لەڕۆحی پەمەییمەوە

تاڕادەی کوێربوون،

بەبۆن بکەون

واتە بەعیشقەوە لەو خەباتە کرێکارییە دەڕوانێ و خۆی بۆ ئەو شۆڕشە کرێکارییە تەرخانکردوە کەبەباشی خۆی تیا دۆزیوەتەوە، بەڕوونی پەنجەی خستۆتە سەر ئەو ڕاستیە و وەک کرێکارێکی هۆشمەندو هوشیار دەگەڕێ بۆ نەهێشتنی ئەو دنیایەی کە تیایدا کرێکارانی تیا دەچەوسێنرێتەوە، هەر لەبەرئەوەیە لە خەیاڵدانیدا کار بۆ دۆزینەوەی ئەو ڕێگایە دەکات کە کرێکار بە مافەکانی خۆی بگات، کە خۆی لە یەکسانی لە کارو سەرمایەدا دەبینێتەوە لەپێناو ژیانێکی شایستەو باشتر بۆ کرێکار و هەڵتەکاندنی ڕژێمی سەرمایەداری .

دواجار مەحمود قەرەداخی دەڵێت ..

من، تەنهاو تەنها

گوڵێکی شەکەتەم

بەدەم بای سەوزو زەردەوە

نەڕەنگی ئەوان ئەگرم و

نەبۆنی ئەوان ئەکەم

واتە شاعیر مەبەستێتی ئاماژە بەوە بکات، لەناو کوانوی خەباتی سیاسی دا تەنهاو تەنها بەرگری و داکۆکیێکی سەرسەختی چینی کرێکارەو لەژێر پەرچەمە سورەکەی کۆمۆنیزمدا تێدەکۆشێ دژ بە عەقڵی دەربەگایەتی و بیری کۆنەپەرستی نەتەوەچێتی و پاشکۆیی ناوخۆیی و هەرێمایەتی و جیهانی دەوەستێتەوەو چون ئەوانەی ئەمرۆکە لەگۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عێراقدا لەخزمەت سەرمایەداری جیهانیدان بەشێکن لەو هەڵقە بۆگەنەی سەرمایەداری جیهانی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا و ئەلقە لەگوێیەکانی لەکوردستان .



# بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ...

### بەشی پانزەهەم

## ریفۆرم و شۆڕش

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی تەواو و هەمەلایەنەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار لەدژی سەرمایەداری و پیادەکردنی تێکڕای بەرنامەی کۆمۆنیستی و ئازادیبەخشی چینی کرێکار خەبات دەکات. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری پێی وایە کە پێشکەوتنە ئابووری، زانستی، تەکنەلۆژی و مەدەنیەکانی تا ئێستای کۆمەڵگەی بەشەری هەلومەرج و پێداویستیە ماددیەکانی بەرپاکردنی کۆمەڵگەیەکی ئازادی بێچین و چەوسانەوە و ستەم، کۆمەڵگەیەکی جیهانیی سۆسیالیستی، هەر ئێستا فەراهەم کردووە و چینی کرێکار لەسەریەتی هەر لەگەڵ گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسیدا، دەست بە جێبەجێکردنی بەرنامەی کۆمۆنیستی خۆی بکات.

لەهەمان کاتدا، مادام وە لەهەر شوێنێک کە نیزامی سەرمایەداری بەرقەرارە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەپێناو بەرینترین و قووڵترین ریفۆرمی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتووری و ژینگەیی خەبات دەکات بۆئەوەی ئاستی ژیان و ماف و ئازادیەکانی کۆمەڵانی بەرینی خەڵک تا بەرزترین ئاستی مومکین باش بکات. ئەم ریفۆرمانە و هێنانەمەیدانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بۆ وەدیهێنانیان، ڕێگا بۆ سرەواندنی دوا گورز لە پەیکەرەی نیزامی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری و دەسەڵاتداریێتی چینی سەرمایەدار بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا خۆش دەکات.

ئەم بەشەی بەرنامە سەردێڕی ئەو هەنگاو و خواستە ڕیفۆرمیانەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەگرێتەخۆی کە ئاڵای دەستی حزبە لە بزووتنەوە موتاڵەباتیەکانی کرێکاراندا و لە خەبات بۆ سەپاندنی ڕیفۆرم بەسەر ئەم نیزامەی ئێستادا. ئەگەرچی ئەو خواست و ستانداردانەی لە خوارەوە هاتوون تەنانەت بە بەراورد لەگەڵ پێشکەوتووترین کۆمەڵگە سەرمایەداریەکانی جیهانی ئەمڕۆشدا وەکو ستانداردی ڕادیکاڵ و نموونەیی دێنە بەرچاو، بەڵام لەڕاستیدا تەنها بەشێکی بچووک لەو ماف و ئازادیانە پێکدەهێنن کە لە کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستیدا بە کاملترین شێوە بەدیدێن.

گومانی تێدا نییە کە ئەمڕۆ هەر باشبوونێکی جدی لە ژیانی ماددی و مەعنەوی خەڵکی کوردستان و بەدەستهێنانی ماف و ئازادیە فەردی و مەدەنییەکان، لەگرەوی ئەوەدایە ئەم کۆمەڵگەیە لە ڕکێفی دەسەڵاتی بۆرژوا میلیشیایی ناسیونالیستی کورد و ئەو گێژاوە دەربهێنرێت کە بەهۆی گرێدانەوەی بە دەوڵەتی قەومی-ئیسلامی عێراقەوە دووچاری بووە و دەوڵەتێکی سکولاری غەیرە ئەتنیکی پشتبەستوو بە ئیرادەی خەڵک دابمەزرێت. ئەمە ئەرکی دەم و دەستی شۆڕشی کرێکارییە لە کوردستاندا. شۆڕشی کرێکاری و دامەزرانی حکومەتی کرێکاری هەموو ئەو ئالوگۆڕانە لە ژیانی خەڵکی کوردستاندا مسۆگەر دەکات و ئازادی و یەکسانی بۆ ئەم کۆمەڵگەیە دابین دەکات. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بۆ کۆتاییهینان بەدەسەڵاتی میلیشیایی بۆرژوا-ناسیونالیستی کورد و دامەزراندنی دەستبەجێی حکومەتی کرێکاری لە کوردستاندا خەبات دەکات. حکومەتی کرێکاری نەتەنها بەدیهێنانی دەستبەجێی ئەم یاسا و ڕێسایانەی کە لەم بەشەی بەرنامەدا هاتوون وەکو سەرەتاییترین مافەکانی خەڵکی کوردستان زامن دەکات، بەڵکو بە جێبەجێکردنی تێکڕای بەرنامەی کۆمۆنیستی خۆی هەلومەرجی ئازادی و ڕزگاری و یەکسانی ڕاستەقینە و کاملّی هەموو دانیشتوان دەستەبەر دەکات.

پرەنسیپ و چوارچێوە گشتیەکان:

دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی بنیاتنراو لەسەر بەشداری ڕاستەوخۆ و بەردەوامی خەڵک لە کاروباری حوکمڕانیدا.

دەستەبەرکردنی ماف و ئازادیە سیاسی و مەدەنیەکان بەشێوەیەکی فراوان و بێقەیدوشەرت و زامنکراوو یەکسان بۆ هەمووان. هەڵوەشاندنەوەی هەرجۆرە جیاکاریەک لەسەر بناغەی جنس، ڕەگەزنامە، ئینتمای ئەتنیکی و نەتەوەیی و نەژادی و دینی، تەمەن و□تاد.

پیادەکردنی ستانداردە ئابووری و باشبژێویە گشتیەکان، وە هەروەها یاسای کارێکی پێشڕەو کە بەرزترین ئاستی ژیان و باشبژێوی و ئاسوودەیی ئابووری خەڵک بەسەر نیزامی سەرمایەداریدا بسەپێنێ.

پەسەندکردنی کۆمەڵە یاسا و هەنگاوێکی وا کە بە خێراترین و ڕیشەییترین شێوە بیروباوەڕ و داب ونەریت و ئەخلاقیاتی کۆنەپەرستانە و دوبەرەکی و سووکایەتی ئامێز هەڵپێچێ و ڕێگا بۆ بەرپاکردن و جێخستنی کەلتوور و کۆمەڵە بەها و پەیوەندیەکی ئینسانی هەرچی ئازادتر و ئازادیخوازانەتر فەراهەم بکات.

دامەرزاندنی کۆمەڵە ستاندارد و یاسایەک کە کوردستان بکاتە ناوەندێک بۆ بەهێزکردن و پشتیوانی کردنی خەباتە ئازادیخوازانەکان و پێوانە و بەها ئینسانیە پێشڕەوەکان و خەباتە کرێکاریی و سۆسیالیستیەکان لە سەرتاسەری جیهاندا. حکومەتی شوراییهەڵوەشاندنەوەی سوپاحزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لایەنگری هەڵوەشانەوەی سوپا و باقی هێزە چەکدارە پیشەییەکان و هەموو ڕێکخراوە سەربازی و پۆلیسی و جاسوسی و موخابەراتیە نهێنیەکانە.حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری سەرباری ئەوە پێی وایە تا کاتێک کە هێزە چەکدارەکان هەن دەبێ ئەم بنەمایانەی خوارەوە لەهەموو حاڵەتێکدا و لە هەموو هەلومەرجێکدا پیادە بکرێن:

هێزی شوراکانی خەڵک، دامەزراو لەسەر مەشقی سەربازیی گشتیی و بەشداری گشتیی لە ئەرکە دیسپلینی و دیفاعیەکاندا، جێگای سوپای پیشەیی سەروو خەڵکیی ئیستا دەگرێتەوە.

سوپا و هێزە چەکدارە پیشەییەکان لەم کۆمەڵگەیەی ئێستادا شتێکی تر نین جگە لە کۆمەڵێک داروودەستەی چەکدار و بەکرێگیراوی چینی دەسەڵاتدار کە بە خەرجی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش بۆ پەخسیرهێشتنەوەی خودی ئەوان و هەروەها پاسەوانیکردن لە بەرژەوەندیە ئابوریەکان و بازاڕی ناوخۆی بورژوازی هەر ووڵاتێک لەبەرامبەر ئەوانی تردا سازدراوە. سەرباری ئەوەی کە چینی دەسەڵاتدار هەوڵدەدات لەژێر ناوی جۆراوجۆردا ماهیەتی چینایەتی و سوودی ڕاستەقینەی سوپاکەی بشارێتەوە و بە ئۆرگانێکی گشتیی و بە پارێزەری بەرژەوەندی هەموانی لە قەڵەم بدات، بەڵام پەیوەندی توندوتۆڵی سوپاکان بە چینە دەسەڵاتدارەکانەوە و ڕۆڵی ئەوان لە پاسەوانیکردنی بەرژەوەندیەکانی خاوەنانی کۆمەڵگا، نە تەنها لە وڵاتانی ئاسیایی و ئەفریقیایی و ئەمریکای لاتین کە ڕۆڵی سەرکوتگەرانەی سوپا و پۆلیس تیایاندا بەرجەستەتر و ئاشکراتر بووە، بەڵکو لە ئەورووپا و ئەمریکای باکوریشدا کە ئەفسانەی سوپای غەیرە سیاسی ڕەواجێکی زیاتری هەیە، بۆ کۆمەڵانی بەرینی خەڵک زۆر بەرچاوە.

سەردەمی ئێستا زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە بێمافی ڕاستەقینەی خەڵک و ڕووکەشی بوونی بەشداری ئەوانی لە مەسەلەی حوکمڕانی لە نیزامە دیموکراسیە لیبراڵی و پەرلەمانیەکاندا نیشانداوە. کۆمەڵگایەک کە بیەوێت بەشداری کۆمەڵانی بەرینی خەڵک لە دەوڵەت و لە پەسەندکردن و جێبەجێکردنی یاسا و سیاسەتەکانیدا زامن بکات، ناتوانێ لەسەر بنەمای پەرلەمان و سیستمی دیموکراسی نوێنەرایەتی دابمەزرێ. دەبێ حوکمڕانیکردن لە ئاستە جیاجیاکاندا، لە ئاستی ناوچەیی و سەراسەریدا، لەلایەن شوراکانی خودی خەڵکەوە ئەنجام بدرێ کە هەموویان هەم وەکو یاسادانەر و هەم پیادەکەری یاسا کاردەکەن. بەرزترین ئۆرگانی حکومەتی لە وڵاتدا کۆنگرەی سەرتاسەریی نوێنەرانی شوراکانی خەڵک دەبێت. هەر کەسێکی سەرووی ١٦ ساڵ بە ئەندامێکی خاوەن دەنگی شورای ناوچەکەی خۆی دەژمێردرێت و مافی ئەوەی هەیە کە خۆی بۆ هەموو پلەوپایە و پۆستەکانی شورای ناوچەکەی یان نوێنەرایەتیکردن لە شوراکانی سەرەوەتردا کاندید بکات.

پێکهاتە و ئۆرگانەکانی دەسەڵاتی سیاسی

ئەم بنەما گشتیانەی سەرەوە دەبێ دەستبەجێ لە ڕێگەی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بەدیبهێنرێن:

هەڵوەشاندنەوەی پرەنسیب و یاسای گوێڕایەڵیکردنی بێئەملاوئەولای خوارەوە بۆ سەرەوە لەناو هێزە چەکدارەکاندا، هەر کەسێکی سەربازیی مافی هەیە کە سەرپێچی لە جێبەجێکردنی ئەو فەرمانانەدا بکات کە بە بڕوای ئەو لەگەڵ یاساکانی وڵاتدا ناکۆکن، وە یان لەگەڵ بنەما ئینسانی و ویژدانیەکانی ئەودا نایەنەوە.

هەر کەسێک مافی هەیە بەشداری نەکات لە شەڕ یان لە هەر چالاکیەکی سەربازیدا کە لەگەڵ پرەنسیپ و بیروباوەڕیدا ناکۆک بێت.

هێزەکانی پۆلیس دەبێ لە کاتی ئیشوکار و ئەنجامدانی ئەرکەکانیاندا جلوبەرگی ڕەسمیی خۆیان لەبەردابێت و چەکەکانی خۆیان بە جۆرێک هەڵگرن کە بەرچاو بێت، پێکهێنانی هێزی چەکداری بێجلوبەرگی ڕەسمیی، یان ئەنجامدانی ئیشوکار وەکو پۆلیسی چەکدار بەجلوبەرگی مەدەنیەوە قەدەغەیە. ئەوە مافی هەر هاووڵاتیەکە کە بتوانێ لە بوونی هێزە پۆلیسیە چەکدارەکان لە ناوەندەکەیدا (شوێنی کار، ژیان، هاتوچۆو□تاد) ئاگاداربێت.

کەسانی ئەندام لە هێزە سەربازیەکاندا مافی ئەوەیان هەیە کە لە چالاکیە سیاسیەکاندا بەشداری بکەن و ببنە ئەندامی حیزبە سیاسیەکان. هەڵسووڕانی حیزبە سیاسیەکان و سەندیکا و باقی ڕێکخراوەکان لەنێو هێزە سەربازیەکاندا ئازادە.

هەڵوەشاندنەوەی بیرۆکراسی سەروو خەڵکی و

بەشداری ڕاستەوخۆی خەڵک لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکاندا

هەموو پلەوپایە و پۆستە سیاسی و ئیداریەکانی وڵات بە هەڵبژاردن دەبێ و لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن، هەرکاتێکیش ویستیان دەتوانن لەسەرکاریان لابەرن. مووچەی کەسانێک کە بۆ کاروباری سیاسی و ئیداری وڵات هەڵدەبژێردرێن نابێ لە ناوەنجیی کرێی کرێکار تێپەڕێت. جێبەجێکردنی چاودێریی ڕاستەوخۆی خەڵک لە ڕێگەی دامەزراوە شوراییەکانەوە بەسەر هەموو دامەزراو و پلەوپایە ئیداریەکاندا. سادەکردنەوەی پلەوپایەکان و زمان و ڕێسا و ڕێنماییەکانی کاری فەرمانگە دەوڵەتیەکان بەجۆرێک کە بەشداریکردن و کۆنترۆڵی هاوڵاتیان بەسەریاندا بە ئاسانی ئەنجام بدرێت.

بردنەسەری ستانداردەکانی ئەخلاقی ئیداری و ویژدانی کار و ڕێزگرتن لە هاووڵاتیان و ئەوانەی کاریان ئەکەوێتە لایان. بەدکەڵک وەرگرتنی کاربەدەستانی ئیداری لە پۆستەکانیان، بەرتیلخۆری، واستەکردن، جیاکاری، سەرپێچیکردن و لادان لە یاسا و ڕێسا و دەقە یاساییەکان یان کەمتەرخەمی کردن لە جێبەجێکردنیاندا، ئەمانە دەبێ بە وێنەی تاوانی گەورە لە دادگا ئاساییەکاندا لێیان بکۆڵرێتەوە. قەدەغەکردنی بێئەملاوئەولای بەکارهێنانی ئیمکانات و ئاسانکاریە ئیداریەکان بۆ کاروباری شەخسی.

مافی بێقەیدوشەرتی هەرکەسێک بۆ تۆمارکردنی داوا لەدژی هەر پۆستێکی دەوڵەتیی لە دادگا ئاساییەکاندا.

ماویەتی

# پێشڕەو محەمەد: ئەم خرۆشانە جەماوەرییە بە ڕووخسار و ڕەهەند و لایەنی جیاوازەوە ناکرێت ناوی شۆڕشی ئێرانی لێبنرێت. ڕاپەڕینێکە داوای گۆڕینی ڕژێم دەکات...



## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ پێشڕەو محەمەد نووسەر و توێژەری فەلسەفەو بیری سیاسیی سەبارەت بە هەستان و ڕاپەرینی خەڵکی ئێران و ئایندەکەی...

بۆپێشەوە: با بەو پرسیارە دەست پێ بکەین، ئەوەی لە ئێران ڕوودەدات چییە؟ شۆڕشە، ڕاپەرینە، هەڵچوونە؟... تۆ چ ناوێک لەم بزوتنەوەیە دەنێیت کە چەند مانگە درێژەی هەیە؟

پێشڕەو محمەد: وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستی بە وردبوونەوەی زۆر هەیە. بێگومان بەگوێرەی دابەشبوونی پێکهاتەی چینایەتیی و نەتەوەیی و جوگرافیی ئێران، ڕووخساری بزووتنەوەکەش دەگۆڕێت. لە ڕاستیدا ناتوانین چەمکی »شۆڕشی ئێران « بەکاربهێنین و بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە دەمانخاتە بەردەم هەڵەیەکی زەقی تیۆریی و لۆژیکییەوە، چونکە ئەوانەی لەو ڕووداوەدا بەشدارن، جۆراوجۆرن. چینی ناوەڕاستی تارانیی هەمان ئەو خواستانەی نییە کە چینی کرێکاری تاران هەیەتی، خواستی ژنانی تاران لەگەڵ خواستی ژنانی پەراوێز جیاوازە، خواستی هەموو ئەوانە لەگەڵ خواستی کورد جیاوازترە. هەر لەبەرئەوەشە دەبینین ڕووداوەکان لە کوردستان ڕەهەندی ڕادیکاڵتری شۆڕشگێڕیی وەردەگرن تا لە تاران و شارە فارسنیشینەکان. هەر لەبەرئەوەشە حکومەت شارەکانی کوردستان زیاتر میلیتاریزە دەکات و ڕێژەی کوشتنیش بەشێوەی ڕەها لەنێو کورد و بەلووچ و ئەهوازییەکان دایە تا لەنێو فارسەکاندا. لەبەرئەوە، ئەم خرۆشانە جەماوەرییە بە ڕووخسار و ڕەهەند و لایەنی جیاوازەوە ناکرێت ناوی شۆڕشی ئێرانی لێبنرێت. ڕاپەڕینێکە داوای گۆڕینی ڕژێم دەکات، بەڵام وەک باسمکرد ناوچە و هەرێم و جوگرافیا دەگۆڕێت و خواستەکانیش بەگوێرەی ناوچەکان دەگۆڕێن. گۆڕینی ڕژێمیش بۆ هەر پێکهاتە و گروپ و نەتەوەیەک مانای جیاوازی هەیە. بۆ کورد مانایەکی دیکەی جیاوازتری هەیە وەک لەلای دانیشتوانی تاران و ئەسفەهان و شیراز.

بۆپێشەوە: کۆمەڵگەی ئیران کۆمەڵگەیەکی موزائیکییە، کیشەی نەتەوەیی واقعیەتیکی ناو ئەو کۆمەڵگەیەیە، پرسی نەتەوەیی چ جێگایەکی لە بزوتنەوەی شورشگێرانەی ئیستای ئیراندا هەیە...؟

پێشڕەو محەمەد: دەتوانم بڵێم پرسی نەتەوەیی سەرەکییترین ڕووخساری ناو ئەم ڕووداوانەی ئێستای ئێرانە. هەر لەوەدا کە تەقینەوە جەماوەرییەکە لە کوردستان دەستیپێکرد و ژینا ئەمینی وەک ژنێکی لاوی کورد لە تاران بەدەستی پۆلیسی ئەخلاق تیرۆر دەکرێت و هەر ئەو شەوە کورد لەبەردەم نەخۆشخانەی تاران نارەزایەتیی دەردەبڕن و پاشان لەگەڵ هێنانەوەی بۆ شاری سەقز یەکەم کڵپەی تەقینەوەی جەماوەریی لە کوردستانەوە دەستپێدەکات، دەریدەخات ڕەهەندی پرسی نەتەوەیی کاریگەرییەکی ئێجگار گەورەی هەیە. ئێران هاوشێوەی ڕووسیای سەردەمی قەیسەریی، ئێستا بووە بە زیندانی گەورەی نەتەوەکان. ڕووسیا وەک دەوڵەتێکی ستەمکار لەسەردەمی قەیسەرییدا هەرگیز نەیدەتوانی بگات بە دیموکراسیی ئەگەر لەسەردەمی بەلشەڤییەکاندا پرسی نەتەوەیی چارەسەر نەکرابایە. لینین بەپێچەوانەی ترۆتسکی و ستالینەوە لەوە تێگەیشتبوو پرسی نەتەوەیی پرسێکی دیموکراسیی سیاسییە نەک پرسێکی کولتووریی. هەروەها لەوەش تێگەیشتبوو کە مارکس دەیگوت »هیچ نەتەوەیەک ئازاد نابێت ئەگەر ستەم لە نەتەوەیەکی دیکە بکات .«چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کلیلی سەرکەوتنی شۆڕشی بەلشەڤیی بوو. بەڵام بۆ لە ئێران هیچ کات شۆڕشی سۆسیالیستیی ڕوونادات، یاخود دیموکراسیی بەرهەم نایەت؟ چونکە لە بنەڕەتدا لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەت–نەتەوەی نوێی ئێراندا، هەرگیز دانی بەوەدا نەناوە کە کێشەی نەتەوەیی لەناو ئەو جوگرافیا دروستکراوەدا هەیە و دەبێت چارەسەر بکرێت. هۆکاری ئەوەی ڕووداو دوای ڕووداو لە ئێراندا ستەمکاریی بە فۆرمی جیاواز، لە قاجارەوە، بۆ مەشروتە، لە مەشروتەوە بۆ پاشایەتیی، لە پاشایەتییەوە بۆ کۆماری ئیسلامیی و ئێستاش لەنەبوونی ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستەقینەدا بۆ گەڕانەوەی پاشایەتیی، هەمیشە ستەمکاریی بەرهەم دەهێنێتەوە، لەبەر دوو هۆ: ئێران تا ئەو ڕۆژەی دیموکراتییانە پرسی نەتەوەیی چارەسەر نەکات و تاکی ئێرانیی دان بە کورددا وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ نەنێت، مەحکومە بەوەی دووبارە ستەمکاریی بەرهەم بهێنێتەوە و دووەم، مرۆڤی ئێرانیی تا ئێستاش لە وەهمی نۆستالژیای ڕابردوویەکی »شکۆمەندی شاهانە«دا دەژیت و ناتوانێت ڕوو لە داهاتوو و لە ئاسۆ بکات، هەمیشە ڕوو دەکاتە ڕابردوو. ئێستای ئێران زۆر لە دەیەی ١٩٢٠ی کۆماری ڤایمار دەچێت، لیبراڵەکان و کۆمۆنیستەکان (بەتایبەت کۆمۆنیستەکان) هیچ باوەڕێکیان بە ڕۆژانی شکۆمەندی ڕابردوو نەبوو، پێیانوابوو ڕابردوو جگە لە سەرکوتکردن و ستەمکردن لە چینە ستەملێکراوەکان شتێکی دیکە، بۆیە ڕوویان لە داهاتوو دەکرد بۆ داهێنانی فۆرمی نوێتری سیاسیی و ئابووریی، بەڵام ڕاستڕەوەکان ڕوویان لە ڕابردوو بوو، باوەڕیان بە دەستەواژەیەک هەبوو کە قووڵ لە زمانی ئەڵمانییدا ڕیشەی داکوتاوە: »دووبارەکردنەوەی ئەو بوونەی پێشتر هەبوو– (Die Wiederholung des dagewesen Daseins). « بۆیە هیتلەر نەیدەشاردەوە کە دەیەوێت ڕابردوو ڕزگار بکات و دایبمەزرێنێتەوە. بەپێچەوانەوە بەلشەڤییەکانیش لە ڕووسیا هیچ وەهمێکیان بە ڕابردوو نەبوو. ئێستا لە ئێراندا شتێکی وەها ڕوودەدات، زۆرینەی تاکی ئێرانیی (فارسەکان) بڕوایان وایە ڕابردوویان شکۆمەندتر بووە لە ئێستا، بەڵام مرۆڤ بە سەیرکردنی ڕابردوو، دەزانێت ئەوەی پێیدەڵێن شکۆمەندیی، جگە لە سەرکوتکاریی و ستەمکاریی شتێکی دیکە نەبووە. کەواتە نۆستالژیبوونی ئێرانییەکان و داننەنانی سەرەڕۆیانە بە پرسی نەتەوەیی کورددا، مرۆڤی ئێرانیی مەحکوم دەکات بەوەی نەتوانێت تامی ئازادیی بکات. گرەوی ئێرانێکی دیموکراتیی، چارەسەری پرسی نەتەوەیی و خۆدابڕینە لە ڕابردووی ستەمکاریی.

> گرنگترین شت ئەوەیە چەپ بە ڕەسمیی ئایدیای فاشیستیی »یەکپارچەیی خاکی ئێران «(کە پێیدەڵێن تەمامیەتی ئەرزی) ڕەتبکاتەوە و دان بە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکاندا بنێت. ئەوسا دەتوانێت ببێتە بەلشەڤییەکی نوێ لە ناوچەکە...

بۆپێشەوە: لەگەڵ ئەوەدا پایەی بنەڕەتی خۆپیشاندان و نارەزایەتی ئێران، چینایەتییە و بەڵام ڕۆڵی چەپ و کۆمۆنیزم وەکو پیویست نییە، هۆکاری ئەوە بۆچی دەگەڕیتەوە و چەپ و کۆمۆنیستەکان لە ئیراندا و لەهەلومەرجی ئیستادا چ ئەرکێکی لەسەر شانە؟

پێشڕەو محەمەد: لە ڕاستییدا دووبارەی دەکەمەوە هەڵەیە پێمانوابێت ئەمەی ئێستا لە ئێراندا ڕوودەدات شۆڕشێکی یەکدەستە چ بگات بەوەی بڵێین شۆڕشێکی سۆسیالیستیی یاخود خەباتی چینایەتییە. ئێمە دەبێت خواست و سروشتی پێکهاتە جیاوازەکان بزانین. بێگومان لە ئێران و سەنتەرە پیشەسازییەکان ڕووداوەکە دەیتوانی ڕەهەندی چینایەتیی و خەباتی چینایەتیی وەربگرێت ئەگەر لەیەکەم ساتەوە کرێکاران چینی ناوەڕاستیان بەتەنها جێ نەهێشتاوە و دەستیان بە مانگرتن و ڕاپەڕین و خۆپیشاندان بکردایە. بەڵام لە کوردستان ڕۆڵی ڕووداوەکان لەگەڵ ئەوەی زۆر ڕادیکاڵترە، بەڵام بەتەنها چینایەتیی نییە. هەڵەیە داوا لە کورد بکرێت خەباتی چینایەتیی ڕووت و ئابوورییانە بکەن، لە کاتێکدا ئابووریی لە کوردستاندا ئیش ناکات. با سەیر کەین ئێران بە سیستەماتیک لەسەد ساڵی ڕابردوودا کوردستانی لەگەشەسەندن

> هۆکاری ئەوەی چەپ و سۆسیالیستەکان بۆ هێندە لاوازن لەکاتێکدا ڕووداوەکانی ناو جوگرافیای ئێستای ئێران دەبوو باشترین دەرفەت بێت بۆ بەهێزبوونەوەی چەپەکان و سۆسیالیستەکان، بۆ بێ ئاگایی لەم وردەکارییانە، زیندانیبوون لەنێو کلێشە و بۆچوونە بەسەرچوو و کۆنەکاندا و سەرەڕۆییکردن لە داننەنان بە پرسی نەتەوەییدا دەگەڕێتەوە ...

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

**سۆسیالیستەکان و چەپەکان لە ئێراندا شکستیان هێناوە و هیچ پەیوەندییەکیان بە ژیانی واقیعی مرۆڤەوە نەماوە. چینی کرێکار و چەپ وەك دوو جیهانی جیاواز و دوور لەیەك وەستاون...**

**ئێران لە نەبوونێکی قووڵی بزووتنەوەیەکی سیاسیی و ئۆپۆزیسیۆنی پێشکەوتووخوازدا دەژیت، ئەمەش بەشێکی لەوەوە دێت کە نیگای بۆ داهاتوو نییە و ڕووی لە ڕابردووە. ئێستا خۆی لە کارەکتەرێکی دۆڕاوی «ڕۆژگاری شکۆمەند»ئەو ڕابردووەی پێیدەڵێت ستەمکارترین ڕژێمدا دەبینێتەوە کە کوڕەکەی محەمەد ڕەزا شایە ...**

خستووە و هیچ دەرفەتێکی کارکردنی ئابووریی نەهێشتووەتەوە، هێزی کاری کوردی ناچار بە سێ فۆرمی کارکردن کردووە: ١) کۆچ بۆ سەنتەرە پیشەسازییەکان (کە مارکس بەمجۆرە کۆچکردنە دەڵێت: کۆچپێکردنی زۆرەملێ ('Zwangseinwanderung'، ٢) بوون بە کارمەندی دەوڵەتیی و مادام کوردستان ستەمی نەتەوەیی لەسەرە و دەوڵەتەکەش دەوڵەتێکی ستەمکارە، کەواتە کارمەندبوونی دەوڵەتیی دەبێت بە دوو پرۆسەدا بڕوات، یان ئەوەی ببیتە سیخوڕ و جاشی دەوڵەتیی یاخود لە ژیانی سیاسیی دووربکەویتەوە و ببیتە بوونەوەرێکی ناسیاسیی بێدەنگ و گوێڕایەڵ، وەک فرانتز فانۆن–یش باسی دەکات، لەسیاسەت داماڵین بڕبڕەی پشتی کۆی سیستەمە کۆڵۆنییەکانە کە لەسەر بنەمای ڕاسیزم ئیشدەکات، ٣) کۆڵبەرنشینبوون کە دیاردەیەکی تەواو کوردستانییە و لە هیچ سیستەمێکی دیکەدا بوونی نییە. لە ڕاستییدا ناچارکردنی دۆزەخییانە بە کۆڵبەریی، و لەهەمانکاتدا هەر سەربازێکی ئێرانیی فەرمانی کوشتنی کۆڵبەری پێیە، دەریدەخات بوونی مرۆڤی کورد کورتکراوەتەوە بۆ بێبەهاتر لە زیندەوەری چکۆلە کە هیچ بەهای ژیانی نییە.

کەواتە لەم دۆخەدا ڕیتۆریک و ڕەوانبێژییانە بانگەشەکردن بۆ خەباتی چینایەتیی لە ژینگەیەدا کە ڕۆڵی ئابووریی بوونی نییە و چینەکانیش بە ڕاشکاویی دیارنین، ڕۆڵێکی دژە–شۆڕشگێڕانەی دەبێت. هەر لەبەرئەوە مارکس عاقڵانە دەرکی بەوە کردبوو کاتێک داوای لە پرۆلیتاریای بریتانیی دەکرد هاوپەیمان و هاوخەباتی نەتەوەی ئیرلەندیی بێت و هەرگیز نەیدەگوت پرۆلیتاریای ئیرلەندیی، چونکە ئیرلەندا لەژێر حوکمی بریتانیادا کورتکرابووەوە بۆ کاری کۆیلە و سەرجەمی نەتەوەکە بەکۆیلەکرابوو. لە کوردستان خەبات سێ فۆرمی »١) ئابووریی، واتا چینایەتیی، ٢) نەتەوەیی، واتا پرسی خاک و ٣) پرسی ڕزگاریی ژن « لەخۆدەگرێت و خەبات لە کوردستان بەم سێ فۆرمە دەچێتە پێشەوە، بەڵام ئێرانییەکی تارانیی و ئەسفەهانیی و شیرازیی بێگومان کێشەی نەتەوەیی نییە و چینە ناوەڕاستەکەی کەمتر کێشەی ئابووریی هەیە و ژنانی بۆرژوا و وردەبۆرژوازییش خواستەکانیان ڕیفۆرمیستییە نەک شۆڕشگێڕیی.

ئەرکی چەپ و کۆمۆنیستەکان ئەوەیە ئەم پێکهاتانە بناسنەوە. هۆکاری ئەوەی چەپ و سۆسیالیستەکان بۆ هێندە لاوازن لەکاتێکدا ڕووداوەکانی ناو جوگرافیای ئێستای ئێران دەبوو باشترین دەرفەت بێت بۆ بەهێزبوونەوەی چەپەکان و سۆسیالیستەکان، بۆ بێ ئاگایی لەم وردەکارییانە، زیندانیبوون لەنێو کلێشە و بۆچوونە بەسەرچوو و کۆنەکاندا و سەرەڕۆییکردن لە داننەنان بە پرسی نەتەوەییدا دەگەڕێتەوە. جوگرافیای ئێران ناوچەیەکی گرنگە بۆ خەباتی چەپ و سۆسیالیستەکان، بەڵام نەک سۆسیالیزم و چەپ بەم پێکهاتە و ئایدیایانەی ئێستای، کە هیچ پەیوەندییەکی بە کۆمەڵگەی واقیعییەوە نەماوە و زۆر دوور لەنێو ڕابردووی خۆیدا دەژیت. هەرکاتێک چەپ توانی ئەو وردەکارییانە باشتر دەرک بکات و بەخۆیدا بچێتەوە و خۆی تازەبکاتەوە، دەتوانێت لە ئێراندا بەخێرایی گەشە بکات و هیوایەکیش بێت بۆ چەپ لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

**بۆپێشەوە: سەرجەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی ئیران، لەوانە ژنان، لاوان و خوێندکاران، کرێکاران... بەشدارن لەم خۆپیشاندان و بزوتنەوە جەماوەریەدا، بەڵام رۆڵی چینی کریکار و بەشدارییەکەی بەرجەستە نییە، هێشتا وەکو پیویست ئامادەیەکی نابینرێت، لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

**پێشڕەو محەمەد:** پێموایە کەمێک وەڵامی ئەم پرسیارەم داوەتەوە، بەڵام بڕێک زیاتر لەسەری دەوەستم. باسم لەوە کرد کە سۆسیالیستەکان و چەپەکان لە ئێراندا شکستیان هێناوە و هیچ پەیوەندییەکیان بە ژیانی واقیعی مرۆڤەوە نەماوە. چینی کرێکار و چەپ وەک دوو جیهانی جیاواز و دوور لەیەک وەستاون. وشیاریی مرۆڤەکانیش لە کۆمەڵگەدا بەشێوەی تەریب و هاوسەنگ گەشە ناکات. شکستە یەک لە دوای یەکەکانی چینی کرێکاریش، تەواو ڕەشبین و بێ هیوای کردووە و تووشی دۆخی غەمگینیی و ماتەمینیی هاتووە. لە ژینگەی ڕەشبینیشدا، هەمیشە دەرفەت بۆ گەشەی هێزە کۆنەپارێز و ڕاستڕەوەکان و کۆنزەرڤاتیڤەکان بەهێز دەبێت. بێگومان گرەوی بردنەوەی دۆخەکە و گۆڕینی ڕووداوەکان بۆ شۆڕشی سەرتاسەریی و ئێرانێکی دیموکرات لەوەدایە چینی کرێکاری ئێرانیی بەبێ ئەوەی مەرج بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانی دیکەدا بنێت، دان بە سەربەخۆیی ئایدیا و خواستەکانیاندا بنێت و سەنتەرە پیشەسازییەکان بکاتە مەیدانی خەبات. هەر ئەوەی سەرمایەی ئێرانیی بەدەستی چینی کرێکار کۆنترۆڵ کرا، ڕووخانی ئەو ڕژێمە زۆر خێراتر دەبێت. بەڵام وەک باسمکرد بەتێپەڕینی ڕۆژگار چینی کرێکار بەردەوام وشیاریی ڕیفۆرمیستیی بۆ دروستبووە و ئێستا وا دەردەکەوێت ئەو چینەی کە شۆڕشگێڕترین چین بوو لە مێژوودا، شوێنی بۆ توێژەکانی دیکە چۆڵ کردبێت و ئێستا ڕۆڵێکی ناچالاک بگێڕێت. ئەرکی بزووتنەوەی چەپ، ئەوەیە چۆن دان بە پێکهاتە جیاوازەکاندا بنێت و بە فۆرمی زۆر تازەتر و پێشکەوتووخوازتر ئایدیای شۆڕش لەنێو چینی کرێکار و گروپە ژێردەستەکانی دیکەدا زیندوو بکاتەوە. ئایا چەپ توانای ئەم کارەی هەیە؟ پرسیارێکە لێرەدا ناتوانم وەڵامی بدەمەوە و هیچ ڕەچەتەیەکیشم بۆ ئەمە پێ نییە.

**بۆپێشەوە: لەگەڵ بەردەوامی خۆپیشاندان و جوڵانەوەی شۆڕشگێرانەی ئێراندا، هەوڵەکانی بۆرژوازی لەوانە شاهەنشایی و سیلیبریتییەکان، دەستی پێکردووە، دیارە لە پشتیوانی ئەمریکاو غەربیش بەهرەمەندن، رۆڵی ئەوان چۆن دەبینن و چەپ و کۆمۆنیستەکان، دەبێ لەبەرامبەر بەهەوڵ و نەخشەکانیان، چ هەنگاوێک بگرنە بەر؟**

**پێشڕەو محەمەد:** پێشتر باسم لەوە کرد کە ئێران لە نەبوونێکی قووڵی بزووتنەوەیەکی سیاسیی و ئۆپۆزیسیۆنی پێشکەوتووخوازدا دەژیت، ئەمەش بەشێکی لەوەوە دێت کە نیگای بۆ داهاتوو نییە و ڕووی لە ڕابردووە. ئەو ڕابردووەی پێیدەڵێت »ڕۆژگاری شکۆمەند «ئێستا خۆی لە کارەکتەرێکی دۆڕاوی ستەمکارترین ڕژێمدا دەبینێتەوە کە کوڕەکەی محەمەد ڕەزا شایە و دروستبوونی ئەو هەموو سیلیبریتییەش لە دەوری، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ بەتاڵانبردنی سامانی نەتەوەکانی ناو جوگرافیای ئێران و بەکارهێنانی لە میدیای زەبەلاحدا. بەڵام هاوکات ئەم دیاردەیە زیاتر دیاردەیەکی مەجازیی و هاوکات تاراوگەییە. ئێران و جوگرافیاکەی جۆراوجۆرە، هیچ گەرەنتییەک نییە کورد و بەلووچ و عەرەب و لووڕ و بەشێکی زۆری چینی کرێکار و چینەکانی دیکەی ناو ئێران کوڕەکەی شا قبووڵ بکەن. ڕاگەیاندنی حکومەتی کاتیی بەو خێرایییە، هەم زیانی بە بزووتنەوە ناوخۆییەکە گەیاند و هەم ترسیشی دروستکردووە. کەواتە ئەرکی چەپەکان چییە؟ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی پێشکەوتووخواز بەو مەرجەی خۆیان تازە بکەنەوە و واز لە ئایدیا کۆنەکانیان و فرقەچێتیی و گروپچێتییەکانیان بهێنن و هاوکات دان بە سروشت و ڕەهەند و ڕووخسارە جیاوازەکانی بزووتنەوە و نەتەوە و پێکهاتە جیاوازەکاندا بنێن. بۆ نموونە بەرەیەکی یەکگرتووی چەپ دەتوانێت بزووتنەوەی کوردستان و بەلووچستان و ئەهواز و ئازەرییەکان بۆ خۆی کێشبکات بە مەرجی ئەوەی لە سەرەتاوە هەوڵ نەدات بیانخاتە ژێر ڕکێفی ئایدیای ڕووتی خەباتی ئابوورییەوە، بەڵکو خواستە جۆراوجۆرەکانیان بناسێت و دانی پێدابنێت و گرنگترین شتیش ئەوەیە چەپ بە ڕەسمیی ئایدیای فاشیستیی »یەکپارچەیی خاکی ئێران« (کە پێیدەڵێن تەمامیەتی ئەرزی) ڕەتبکاتەوە و دان بە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکاندا بنێت. ئەوسا دەتوانێت ببێتە بەلشەڤییەکی نوێ لە ناوچەکە. ئایا دەتوانن ئەم کارە بکەن یان دەیانەوێت؟ دیسان وەڵامی ئەمەم پێ نییە.

**بۆپێشەوە: ئاییندەی ئەم بزوتنەوەیەی لە ئێراندا دریژەی هەیە، چۆن دەبینن، ئایا پاشەکشەی پێدەکریت، یان دەتوانێت دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی ئیران بروخێنێت؟**

**پێشڕەو محەمەد:** بە وردبوونەوە لە وەڵامەکانی سەرەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم بزووتنەوەیە پاشەکشێ دەکات، بەڵام بە مانای کۆتاییهاتن و مردنی بزووتنەوەکە نایەت. کۆماری ئیسلامیی ئێران ئێستا لاواز بووە و زەبر و زیانی گەورەی ڕەوایەتیی سیاسیی بەرکەوتووە و هەروەها ترسیش لە چاوی خەڵکانی ناوخۆ ڕەویوەتەوە. کۆماری ئیسلامیی بەرگەی لێدانێکی دیکەی وەها ناگرێت. پێموایە ئەوەی ئێستا ڕوودەدات پرۆڤەیەکی باشە هێزە پێشکەوتووخوازەکان خۆیان بۆ قۆناغی داهاتوو ئامادە بکەن. چەپەکان و سۆسیالیستەکانیش پڕۆژەی بەرەیەکی یەکگرتوو، بە ئایدیای نوێ و بە دیدگا و ستراتیژی تازەوە بێنە ناوەوە. بەکورتیی: بڕوام وایە ئەم بزووتنەوەیە لە ئێستادا قۆناغی گرنگی بەرەو سەرکەوتن بڕیوە، بەڵام لەم قۆناغەدا ناتوانێت کۆماری ئیسلامیی بڕووخێنێت. بەڵام بێگومان قۆناغی داهاتوو بەهێزتر دەبێت و ئیتر کۆماری ئیسلامیی تەواو لەق دەبێت. چی جێگەی دەگرێتەوە؟ بە وانە وەرگرتن لەوانەی باسمانکردن، بزووتنەوەیەکی پێشکەوتووخواز دەتوانێت نەخشەی سیاسیی داهاتووی ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بگۆڕێت. ....

# کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ رووبەڕوبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەووەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net

## لە بۆپێشەووەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

## درێژەی .... دوا وتە

لەدژی بێ دەسەڵاتی تا ئیستای ئینسان بەرووی کارەساتە سروشتیەکاندا، لەلایەکەوە نیشانەی نامۆی و داماوی ئیسلام و ئیسلامی سیاسییە، لەبەرامبەر پیشرەوییە زانستیەکان و خۆ گیلکردنە لە لیکدانەوە لۆژیکی و سەردەمیەکان و هاوکات نیشانەی ناتەباییانە بە بەهای ئینسانییدا، لەبەرامبەر بەها بەخشین بە خورافەی خودای جەل و جەلاداو قادردا... ئەو خودایەی بەقەولی ئیسلامیەکان غەزەب دادەبارێنێتە سەر عەبدە بی دەسەڵاتەکانی خۆی و سزایان دەدات.

گەلەی مەلای بەلاشخۆر و لاباڵی ئیسلامی سیاسی پاریزەری سەرمایە، کە لەسایەی ئەم نیزامەدا دەلەوەڕین و قیرقیریان دەگاتە ئاسمان، بۆ ساتێک چییە ئامادەنین بەرژەوەندیەکانی ئەم دنیایە واز لێ بهێنن بۆ دنیای خودا دەستکرد و بەهەشت و زیاد لە حەفتا حۆری و روباری شەراب. لەم جیهانە زیندو واقعیەدا لەهەموو خیرو خۆش و سەروەتێک بەهرەمەندن و بە جەماوەری نەدارو بێبەش و قوربانی لیدراو دەڵێن شوکرانە بژێر بن و رەزایەت بەوە بدەن کە خودای تەعالا بەسەرتان دێنێت و تاقیتان دەکاتەوە، کەچی خۆیان بەهەزار ڕیگا و لەم دنیایەدا خۆیان لە تاقیکردنەوەی خودا دەپارێزن و بە خەڵکی دەڵین عیبادەتەکانی خودا ناکەن، بۆیە خوداش تورەدەبێت و تورەیی ئەویش بی ئامانە.

راستیش هەر ئەوەیە کە خودا و خوداکان پارێزەری سەرمایە، بەدانپیانانی خودی ئیسلامیەکان، لەدژی جەماوەری نەدارو بێبەشن، ئەو جەماوەرە بێ بەش و بێ ئومێدکراوەی کە ناچارکراوە، سەدان خودا بۆخۆی دروست بکات و لێی بپارێتەوە تا لە غەزەب و چەوساندنەوەی سەرمایەداری پاریزگاریان لێ بکات.

ئیسلام و ئیسلامیەکان کە سەرچاوەی فەرمی دەیان جۆر فەسادی و لەش فرۆشی و ئیغتیسابی ژنان و بی مافیەکانی ئینسانن و سزای ملیارەها ئینسان لەلایەن خوداوە!! بەرەوا دەزانن کە ئیسلام نین و سزای ئیسلامیەکانیش بە روداوە سروشتیەکان دەدەن کە ئەگەر پەیرەوی لە نەریتەکانی ئیسلام نەکەن و ئامادەنیین سزاکەیان بۆ رۆژی دوایی هەڵبگرن و بەپێچەوانەی بانگەشەکانی خۆیان سزاکە هەڵناگرن بۆ رۆژی سزا و هەر لەم دنیایەدا و کوشتاریان دەکەن، تەنانەت ئەو منالانەی لە سکی دایکیاندان و هیشتا چاویان بەدنیا هەڵنەهێناوە، ناهێڵن روناکایی ببینن، چ خوادایەکی میهرەبانە، کەسێک کە هێشتا هیچی نەکردەوە دەخاتە بەردەم غەزەبی خۆی.

ئیسلامیەکان و بانگخوازەکانیان، لە جێگای بەهانەوە چوونی قوربانیان، بانگەشەی رەوابوونی سزای خودا دەکەن بەسەر عەبدەکانیدا، ئەو خودایەی لە ئێستادا هیچ نییە جگە لە نیزامی هاری چەوساندنەوە و بێمافی و جەنگ و کوشتار. کە ئیسلامیەکان بەشێکی جیانەکراوەی ئەم نیزمە درندەیەن.

دیارە هەر ئەم نیزامە چاوچنۆکەی سەرمایەیە کە لەلایەکەوە بەشێک و هۆکاری روداوە سروشتیەکانە و هاوکات هۆکاری ئەو هەموو قوربانی و زیانەشە کە بە هاولاتیان و کۆمەڵگە دەکەوێت. ئاخر ئەوە نیزامی سەرمایەداری و کۆمپانیاکانیانن کە لەپیناو سود و دەستراگەیشتن بەسەرچاوە سروشتیەکان، سروشت دەستکاری دەکەن و دەشێوینن و جیناتەکانی دەگۆڕن و هەر ئەوانیش ژیانێکی سەختیان بەسەر هاوڵاتیاندا سەپاندووە کە ناچارن لە خانو بینای ناقایم و ناتۆکمەو نائارام و نائەمندا ژیان بکەن و خۆشیان لە تەلارە قایم و زەبر پارێزەکانی سروشتدا، سەلامەت بن و پاشانیش بانگەشەی ژەهراوی بکەن و ئیسلامیەکانیش، جەماوەتری قوربانی بەرکەتوو بە تاوانبار بزانن.

هەموو کەسێکی هوشیار دەزانێت، پێشرەویە زانستیەکان و توانایی ئینسان زۆر لەوە باڵاترە کەدەتوانێت زوو پێشبینی روداوە سروشتیەکان بکات و توانای ئەوەشی هەیە خانوی گونجاو سەلامەت بۆ هاوڵاتیان زامن بکات کە بەرگەی ئەم رووداوانە بگرێت... ئەوە چاوچنۆکی ئەم نیزامەیە، لە پێناو قازانجدا دەستی بەسەر ئەم توانایی و داهاتەدا گرتووە و ملیادەها ئینسان و نابود بوونی کۆمەڵگەی خستۆتە بەردەم ئەو روداوە سروشتیانە.

لەو نێوەدا مەلاو بانگخوازە ئیسلامیەکان و ئیسلامی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، چ بە رۆڵی وێرانکەرانەیان لە کۆمەڵگەدا بەدژی سەرەتاییترین مافەکانی ئینسان و چ بە رشتنی ژەهراوی کۆنەپەرستی و پەرەدان بە خوارفە، بەشێکن لە بومەلەرزەی بەردەوام بەدژی کۆمەڵگەو تەواوکاری بومەلەرزە سروشتیەکانن.

روداوی ئەم دوایەی تورکیاو سوریا، جارێکی تر بۆگەناوی ئیسلامی رشت بەسەر سەری قوربانیان و کۆمەڵگەدا، ئەم ئیسلام و ئیسلامی سیاسیە، دەبێ سەری دابخرێت، بۆگەناوێکە مایەی هەراسانی کۆمەڵگەیە.

بۆپێشەوە
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
FORWARD

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

بنار مستەفا، ئارام حەسەن، عەبدوڵا مەحمود،د. مەریوان ئەکرەم چنارەیی، حەکیم میرزا، هیوا سالح، کاوان قادر، ، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، ، ئاراس رەشید، دلێر محەمەد نوری، حەکیم میرزا،جەمال نوری...

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"ڕاپەرینی خەڵکی ئێران و کوردستان و ئایندەکەی"...

## تەنز....

### نووسینی ئارام حەسەن



ـ "باشە ئەمە چیە: بەلای ترا بڕوات بۆنەکەی ئەدزێ"

ـ "حکومەتی هەرێمە"

ـ "ئەی تەیرێك هەیە: لە بەیانیەوە تا نیۆەڕۆ، مێشکی لە ژێر کلکیەتی، لە نیوەڕۆش بەدواوە، کلکی ئەچێتەوە سەر مێشکی"

ـ "ئەوە کوردە"

ـ "باشە ئەی ئەمە چیە: گونیان مژیوە، کەچی بەدوایێ سەرەکەیا ئەگەڕێن"

ـ "بیرە نەوتی لای خۆمانە"

ـ "دە ئەگەر ئازای ئەمەیان بزانە: قونی چەورە و لێوی سوورە، کەرە توورە کەرە توورە"

ـ "ئەوەیان نازانم"

ـ "دەی هەر توورە کەرە گیان"

ـ "ئەهاا.. ئێ ئێ.. عەقڵم بۆ شتێکی تر چوو"

ـ "بۆچی؟"


ـ "بۆ وەزیر و پەرلەمانتار و بانگخواز و "ژنە...." شتیوا"

## دوا وتە

# ئیسلام و ئیسلامی سیاسی و کارەساتە سروشتیەکان!

**عەبدوڵا مەحمود**

لافاو گڕکان، بومەلەزەو هەر کارەساتێکی تری سروشتی لەهەر گۆشەو کەنارێکی دنیادا روبدات، بەر لەهەموو شت روخسارو چاوچنۆکی نیزامی سەرمایەداری و کەم تەرخەمی ئەم سیستەمەو جیاوازی چینایەتی بەشێوەی جۆراوجۆر دەخاتە ڕوو، بەتایبەتی لە پەیوەند



بە ماڵ و حاڵ و لانەی جەماوەری بەرینی کریکار و خەڵکی نەدار لەگەڵ کەمایەتیەکی تەسەل کە لە کۆشک و باڵەخانە مەرگ بەزێنەکاندا بەرامبەرکی دەکەن. بەڵام هاوکات لەگەڵ بێرەحمی نیزامی سەرمایەداری و دەستێورەدانی لە جیناتەکانی زەوی لە راستای دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەکانی بەرهەم و ساماندا و بێ رەحمی کارەساتە سروشتیەکان و خۆیان، لاباڵێکی هەر ئەم نیزامە سیاسیەی سەرمایەداری و پاریزەی ئەم نیزامە، کە ئیسلام و ئیسلامی سیاسییە، هێندەی کارەساتە سروشتیەکان، کارەسات خولقینن بەسەر کۆمەڵگە بەشێوەی گشتی چینی کریکارو جەماوەری نەداردا بەشێوەی تایبەتی تر.

بومەلەرزەکانی ئەم دوایەی تورکیا و سوریا، کە گیانی هەزاران ئینسانی کێشاو بە دەیان هەزار ئینسانیشی بریندارو کەم ئەندام کرد، جارێکی تر ماهیەتی دژە ئینسانی ئیسلام و ئیسلامی سیاسی بەڕۆشنی نیشاندایەوە. ئەم جەنابانە لەناو ئاە و ناڵەی دەیان هەزار ئینسان و خەمباربوونی ملیاردەها ئینسان و هاوخەمی و هاوپشتی جیهانیدا، لەپاڵ ئەم کارەساتە سروشتتیە دڵهەژین و تەکاندەرەدا، بوونە هاوبەش و پشتیوانی سزادانی دەیان هەزار ئینسان، کە زوربەی هەرەزۆریان باوەڕدار و موسڵمان بوون. دەڵێن ئەوە غەزەبی خودایە لەبەرامبەر عەبدەکانیدا. دەڵین لەهەر جێگایەک زینا هەبێت خودا سزایان دەدات، دەڵێن مل کەچ نەکردن بۆ عیبادەتەکانی خودا، هۆکارە بۆ غەزەبی خودای میهرەبان!! و ئەوەی روویدا تەنها گۆشەیەکی بچوک لە نارەحەتی ئەڵایە بەرامبەر بە عەبدە هیچ لەدەست نەهاتوەکانیان.

ئەم هات و هاوارە بومەلەرزەییەی ئیسلامیەکان و بانگخوازەکان لەدژی خەڵکی قوربانی،

بۆ لاپەڕە 12

## بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا ساڵح

